هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی دادوەری

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

# ( گرێبەندی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە ژێر ڕۆشنایی سزای لە سێدارەدان - کە توێژینەوەیەکی شیکاریە و بە بڕیاری دادگای پێداچونەوە بەهێزکراوە )

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکرێت لە لایەن :-

**دادوەر : کامـــران رســـول سعید**

**ئەندامی دادگای تاوانەکانی سلێمانی /٢**

**بەمەبەستی گۆرینی پۆلینی دادوەری لە پۆلینی ( دووەم ) بۆ پۆلێنی (یەکەم ) .**

**بەسەر پەرشتی :-**

**دادوەر : ســەرکەوت عــەونی عمر**

**جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی**

---

**٢٠٢٦زایینی ١٤٤٧کۆچی ٢٧٢٦کوردی**

# (   پێشنیازی سەرپەرشتیار )

پشگیری ئەوە دەکەین کە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **( گرێبەندی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ژێر رۆشنایی سزای لە سێدارەدان – کە تویژینەوەیەکی شیکاریە و بە بریاری دادگای پێداچونەوە بەهیزکراوە )** ،نوسراوە لە لایەن دادوەری بەرێز ( کامران رسول سعید ) لە ژێر رۆشنایی پیشنیازو سەرپەرشتیاری ئێمە ، وپێمان وایە توێژینەوەیەکی ناوازەو دەگمەنە لە بواری یاساییدا چونکە دوو بابەتی سەردەمیانەی چارەسەرکردووە کە بریتین لە هاوسەرگیری لەکاتی بونی سزای لە سێدارەدان و ئەوی تریشیان سزای لە سێدارەدان وەک هۆکارێک بۆ جیابوونەوە هەموو ئەمانە لە لایەک لە لایەکی ترەوەلە پێناو گەیشتن بەو دووئامانجە پێویست بوە توێژەر بە سەلیقانە پەنا بباتە بەر بابەتە شەرعیەکان و جەزائیەکان و داجار یاسای باری کەسێتی و ئەمەش بە دڵنیاییەوە توێژەری ماندوو کردوە بۆیە من وەک خۆم زۆر دەست خۆشی لێدەکەم ، و تویژینەوەکە بەشێکە بۆ بەرزکردنەوەی پۆلینی داوەری ناوبراو لە پۆلێنی دووەم بۆ پۆلێنی یەکەم .

**سەرپەرشتیار**

**دادوەر : سەرکەوت عەونی عمر**

**جیگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ).** (سورة الروم/الآية٢١)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**( لە نیشانەکانی بونی خودا ئەوەیە لە رەگەزی خۆتان هاوسەری بۆ درووست کردوون تا لە تەنیشتیا بحەوێنەوە و خۆشەویستی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانتانەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە باری گرانی ژیان هەڵگرن و درێژە بە ژیان بدەن ).**خودای مەزن راستی فەرمووە(سورەتی روم – ئایەتی ٢١)

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا)(سورة النساء,الآية ٣٥)**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**(ئەگەر لە بونی کیشەو ناکۆکی ترسان ئەوا یەکێک لە ناوبژیوانانی خزمانی پیاووخزمانی ژن هەڵبژێرن تا کیشەو ناکۆکیان نەهێڵن و ئاشتیان بکەنەوە و ئەگەر نیازیان بە رێکەوتن بێت ئەوا خودا رێکیان دەخات و خودا کارەکانی پڕ حیکمەتن)** خودای مەزن راستی فەرمووە(سورەتی نیساء – ئایەتی ٣٥)

**خودایە بمانبەخشە؛**

**ئەگەر وەرگێرانی قورئانە پیرۆزەکەت درووست نەبوو.**

**پێشکەشە :-**

- ماندوبونم لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکەم بە :-
- هەموو ئەو باوکانەی کە خەمخۆرو دڵسۆزن بۆ خیزان و مندالەکانی ، و شەو و رۆژ لە ئەرکدان بۆ پەیداکردنی لوقمەی حەڵاڵی ژیان بۆ بژێویان .

**وپێشکەشی دەکەم :-**

بەو دایکانەی دڵسۆزانەو بەبەردەوامی لە خەمی هاوسەرو مندالەکانی و مالەکەیدایە

و پیشکەشە بە :-

گیانی پاکی هەموو ئەو دایک و باوکانەی کە بوونەتە قوربانی لە پیناو بەدیهێنانی خۆشبەتی بۆ خیزان و خانەوادەیان .

**سوپاس و پێزانین :-**

له ناخی دڵمەوە سپاسی بێ پایـانم ئاراسـتەی بـرا و هاوپیشـەی بەڕێـزم کـاک حـاکم ( سەرکەوت عەونی عمـر ) دەکەم کە ئەم جـارەش داواکـاری منـی قبـوڵ کـرد و رەزامەنـدی پیشـان دا بە بــێ دوو دڵــی کە سەرپەرشــتیاریم بکــات بــۆ ئامــادەکردن و نوســینی ئەم تـوێژینەوەیە ، دووبـارە سوپاسـی دەکەم بـۆ خەمخـۆری ، و دڵسـۆزانە چەنـد سـەرنج و تێبینیەکـی پێـدام پـێش دەسـت پێکـردن بە نوسـینی تـوێژینەوەکە و لە کـاتی نوسینیشـدا بەهەمان شێوە ، دووبارە دەست خۆشی لێدەکەم هیوای لەش ساغی و تەندرووسـتی باشـی بۆ دەخـوازم ، خوازیـارم لە خـودای دلۆڤـان کە کـاری دنیـا و قیـامەت بـۆ بەرێزیـان و ئێـوەو ئێمەش ئاسان بکات ، و بەتایبەت تردەست خۆشی لێدەکەم لە نوسینی ئەو ووشە جوانانەی کە لە (پێشنیازکەی ) کە وەک سەرپەرشتیار بۆ منی نوسیوە جیگەی ڕیزو پێزانینـی مـنە بـۆ بەڕێزیان هەرگیز لە یادی ناکەم .

لەگەل ڕێـــزدا....

توێژەر

# نـــــاوەرۆک



| لاپەرە | ناونیشان |
|---|---|
| ١-٥ | پێشەکی |
| ٦-١٣ | تەوەری یەکەم: چەمک و سزای لە سێدارەدان لە نێوان دەق و جێبەجێکردندا |
| ٧-١٠ | باسی یەکەم :- چەمک وپێناسەی سزای لە سێدارەدان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی |
| ١٠-١٣ | باسی دووەم :-سزای لە سێدارەدان لە نیوان دەقەکان و جێبەجێکردندا |
| ١٤-٢٥ | تەوەری دووەم : گرێبەندی هاوسەرگیری و پایەکانی و مەرجەکانی |
| ١٤-٢٠ | باسی یەکەم :- گریبەندی هاوسەرگیری و پایەکانی و مەرجەکانی . |
| ٢٠-٢٥ | باسی دووەم :- هاوسەرگیری لەژێر رۆشنایی سزای لە سێدارەدان . |
| ٢٦-٣٧ | تەوەری سێیەم : جیابوونەوەی دادوەری و ئەو دۆخانەی کە تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات. |
| ٢٧-٣٢ | باسی یەکەم :-جیابونەوەی دادوەری و ئەو هۆکارە تایبەتانەی کە تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات |
| ٣٢-٣٧ | باسی دووەم :- دەرچونی سزای لە سێدارەدان بۆ مێرد وەک هۆکارێک بۆ جیابونەوەی دادوەری . |
| ٣٧-٣٨ | کۆتایی |
| ٣٧ | یەکەم : دەرئەنجام |
| ٣٨ | دووەم : ڕاسپاردەکان |
| ٣٩-٤٢ | سەرچاوەکان |
| ٤٣-٤٩ | پاشکۆکان |

**به ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورەو مەزن و هەزاران سلاو و درووود بۆ گیانی پاکی پێشەوایی مرۆڤایەتی و پەیامبەری ئاینی ئیسلام ( محمد – درووودی خودای لێبێت ) سوپاسی زۆر و بێپایان بۆ خودای مەزن کە تەندروستی پێبەخشیم تا جارێکی تر و لە کات و شوین و بابەتێکی جیاواز توێژینەوەیەک بنوسم بە زمانی کوردی .

## گرنگی توێژینەوەکە :

هەندێک جار لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بۆشایی یاسایی درووست دەبێت ئەویش بەوەی کە بابەتیکی دیاریکراو یان چەند بابەتیک دەخرێتە بەردەم دادگا و دادوەرکە یاسا بێ دەنگی هەڵبژاردووە ، یان بە واتایەکی ڕوونتر یاسایەک یان دەقێکی یاسایی بوونی نیە لەسەر بابەتی خراوە ڕوو تا دادگا لەسەر ڕۆشنایی ئەو دەقە یاساییە ئەو بابەتەی خراوەتە ڕوو یەکلای بکاتەوە و دادگاش بۆی نیە بە بیانوی نەبوونی یاسا یان نەبوونی دەقێکی دیاریکراو ویستگەیەک هەڵبژێرێ کە بڕیاری پێدەرنەکات چونکە ئەگەر وایکرد ئەوا دادوەر وا ئەژمار دەکرێت کە ڕێگرە لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی .[١]

بۆیە گرنگی بابەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە دوو بابەتی گرنگ لە خۆ دەگرێت کە یاسا دانەر بێ دەنگی هەڵبژاردووە و هیچ دەقێکی یاسایی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە کە ئەو دوو بابەتەی چارەسەر کردبێت ئەوانیش بریتین لە ( هاوسەرگیری خانمێک و پیاوێک ) کە یەکێکیان یان هەردوکیان سزای لە سێدارەدانیان هەبێت ، وە بابەتی دووەمیان ئەوەیە کە (هاوسەر – مێرد ) سزایی لە سێدارەدانی بۆ

[١] - بروانە مادەی (٣٠ ) لە یاسای دادبینی شارستانی بە ژمارە ٨٣ ی سالی ١٩٦٩ هەموارکراو .

دەردەچێت لە دادگایەکی تایبەتمەند ئایا ( خێزانەکەی - ژنەکەی ) مافی هەیە بە هۆکاری بونی سزای لە سێدارەدان لەبەردەم دادگای باری کەسێتی داوای جیابونەوە تۆمار بکات و دواجار دادگا جیایان بکاتەوە بە بریاری ( جیابونەوەی دادوەری ) ، بۆیە پشت بەخوا بە ووردی شرۆڤەی ئەم دوو بابەتە دەکەین لەگەڵ پیشاندانی ڕای جیاوازوبڕیاری درووست هەروەها بڕیاری بنبڕی دادگای پیداچونەوەش لەسەر هەردوو بابەتەکە دەخەینە ڕوو .

ئەوەی کە زیاتر گرنگی بە تویژینەوەکە دەدات ئەوەیە هەردوو بابەتی تویژینەوەکە ڕاستە ڕەهەندی یاساییان هەیە بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕەهەندی شەرعیان هەیە لە ژێر ڕۆشنایی یاسای باری کەسێتی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ هەموارکراو .[١]

لە روانگەی ئەوەی بابەتی تویژینەوەکە رەهەندی شەرعی هەیە ،بابەتی شەرعیەکەی بریتییە لەوەی کە لە کاتی ئەنجامدانی گریبەستی هاوسەرگیری بۆ ژن و مێردێک کە یەکێکیان سزای لە سێدارەدانیان هەیە ئەوا بە پێی گرێبەستەکە هەریەک بۆ ئەوی تر لە ڕووی شەرعیەوە حەلال دەکات تا بەیەکەوە کۆببنەوە ، وجگە لەوەش جیاکردنەوەیان لەیەکتری بە بریاری دادوەری ولە ژێر رۆشنایی بریاری ( جیابونەوەی دادوەری ) بە هۆکاری بونی سزایی لە سێدارەدان بە هەمان شێوە لێکەوتەی شەرعی درووست دەکات چونکە جیاکردنەوەی دادوەری بە تەڵاق ئەژمار دەکرێت و جۆری تەڵاقەش تەڵاقی لێکترازانی بچوکە کە دوای تەواو بونی ماوەی چاوەوانی ماف دەدات بە خانمەکە کە حازر بێت شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر و هاوسەری پێشوی دەبێت بێگانە دەرهەقی .[٢]

---

[١] -بروانەمادەی -١- لە یاسای باری کەسی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ هەموارکراو .

[٢] - هەمان یاسا بروانە مادەی -٤٥- .

## کێشەی توێژینەوە :

لەم ماوانەی پێشوودا و بە تایبەتر سالانی ٢٠١٤ و ٢٠٢٤ دوو بابەتی ئەم تـویژینەوەیە پێشکەش بە دادگای باری کەسیتی کرابـوون یەک بـۆ جیـابوونەوە و دووەم بـۆ ئەنجامـدانی گریبەستی هاوسەرگیری ، وە هەردوو بابەتە لە ژێر ڕۆشـنایی بـوونی سـزایی لە سـێدارەدان پێشکەش کرابـوون ، کە مشـتومڕێکی زۆری لە نێـو چینـی دادوەران و داواکـارانی گشـتی و پاریزەران و ماپەروەران دروست کرد و بیروڕای جیاوازی بە دوای خۆیدا هێنـا بەشـێوەیەک هەندێک پێیان وابوو هەردوو بابەتەکە ڕێگە پێدراو نیە کە وەڵامی داواکاریەکـان بـدریتەوە بە ئەرێنی و نابێت  بریاریان بۆ دەربچێت  ، لە کاتیکدا هەندێکی تر ڕا و بۆچونیان وابـوو کە پێوستە دادگا ئاراستەکەی ئەرێنی بێت و لە ژێر ڕۆشنایی داواکاری و داواکەیان بڕیاریان بۆ بدرێت، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ناونیشانی ئەم تویژینەوەیە بەم شێوەیە هات ( **گرێبەندی هاوسەرگیری و جیابونەوە لە ژێـر ڕۆشـنایی سـزای لە سـێدارەدان – کە تـویژینەوەیەکی شـیکاریە و بە بریـاری دادگـای پێـداچونەوە بەهیزکـراوە )** تـا هەمـوو ئەو مشـتومڕو ڕا جیاوازانە لەسەر یەک ڕا و یەک ڕێگا کۆ بکاتەوە کە بێگومان ئەمەش کـارێکی ئاسـان نەبـوو بەهـۆی نەبـوونی دەق وە کەمـی بڕیـاری دادگـای پێـداچوونەوەی هەرێمـی کوردسـتان کە کارەکەی زەحمەت تر و قورستر کردبـوو بەڵام دواجـار گەیشـتینە کۆتـا مەنـزڵ و کۆتاییمـان هینا بەو مشتومڕە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ناونیشانە  و ئەو پلانەی بۆ توێژینەوەکە دانرا .

## پەیکەری توێژینەوە :-

تویژینەوەکە وەک هەمـوو پەیکەرێکـی تـوێژینەوەی زانسـتی  داڕێـژراوە کە تەوەرو باس لە خۆ دەگرێت  و ئەوەی زیاتر شیرینی کردووە نوسینیەتی بە زمـانی شـیرینی کـوردی وە لە پەیـکەری تـوێژینەوەکەدا ڕەچـاوی هاوسـەنگی لە نێـوان تەوەرەکـان کـراوە کە هـیچ تەوەرێک لە تەوەرێکی تر باسەکانی زیاتر نەبن بە شێوەیەک کە هەرتەوەرێـک دووباسـی لە خۆ گرتووە .

لەم چەنــد دێــڕەی پێشــوتر ئەوە هەڵهێنجــرا کە تــوێژینەوەکە دابەش کــراوە بەســەر ســێ تەوەردا و هەر تەوەرێکــیش دابەش کــراوە بەســەر دوو باســدا لەگەڵ کۆتــایی کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان .

تەوەری یەکەم دوو بــاس لە خــۆ دەگرێــت باســی یەکەم تەرخــان کــراوە بــۆ چەمــک و پێناســەی ســزای لە ســێدارەدان ، لێــرەدا بە ووردی و پــوختی چەمکــی ســزای لە ســێدارەدان دەناســێنین و خــوینەرانی تــوێژینەوەکەی پــێ ئاشــنا دەکەیــن کە بــابەتیکی گــرنگە بۆگەیشــتن و ئاشــنا بــوون بە چەمــک و ناســاندنی ســزای لە ســێدارەدان ، وە هەرلەم باســەدا تیشــک دەخەیــنە ســەر بــابەتێکی تــری گرنــگ کە ئەویــش چــۆنیەتی جێبەجێکردنــی ســزای لە ســێدارەدانە لە ژێــر ڕۆشــنایی بــوونی چەنــد دەقێکــی یاســایی کە ڕینمــویی تەواومــان دەکــات لەســەر چــۆنیەتی جێبەجێکردنــی ئەو ســزایە کە لە ئاســت هەمــوو ســزاکان بە قورســترین ســزا ناوزەنــد دەکرێت .

بــابەتێکی تــری گرنــگ لە باســی دووەمــدا بــاس دەکەیــن کە ئەویــش بــریتیە لە بــوونی چەنــد دەقێــک کە بــاس لە ســزای ســێدارەدان دەکــات وە بزانرێــت ئەو دەقــانە وەک خــۆی جێبەجێــدەکرێن لە کــاتی دەرچــونی ســزای لە ســێدارەدان لە دادگــای تایبتمەنــد و ســزاکە جێبەجێــدەکرێت یــان بە پــێچەوانەوە هەرچەنــدە بڕیــاری دادگــا هەیە بــۆ لە ســێدارەدان بەڵام جێبەجــێ ناکرێــت ، جــگە لە هەمــوو ئەوانە لە جیهــان و عێــراق و هەرێمــی کوردســتانیش دووبەرە هەیە یەک پێــی باشــە ســزای لە ســێدارەدان نەمێنیــت ئەوی تریــان بە پــێچەوانەوە لایەنگــرو هەواداری ســزای لە ســێدارەدانن کە پێیــان وایە بــا بمێنیــت و جێبەجێبکرێــت و هەریەک لەو دوو بەرە هۆکــارو پاســاوی بڕواهێنەر بۆ بۆچونەکانیان دەخەنە ڕوو .[١]

[١] - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەردوو کۆمەلەکە بڕوانە ، بهجت قاسم صالحه ، عقوبة الاعدام في القانون الدولي لحقوق الانسان ، الطبعة الاولي ٢٠٢٣ ص ١٠ -١٥.

تەوەری دووەم کە بە ناوەڕاستی تویژینەوەکە دادەنرێت تەرخان کراوە بۆ گرێبەندی هاوسەرگیری و پایەکانی و مەرجەکانی ، کە بە ووردی تیشک دەخاتە سەر ناساندنی گرێبەندی هاوسەرگیری پاشان تیشک دەخاتە سەر پایەکانی و مەرجەکانی لە ڕوانگەی شەرع و یاساوە کە باسی یەکەم بۆ ئەم بابەتانە دانراوە .

وە باسی دووەم لە تەوەری دووەم تەرخان کراوە بۆ هاوسەرگیری لە ژێر ڕۆشنایی سزای لە سێدارەدان کە بەووردی باسی ئەوەی تیادا دەکرێت ئایا ژنێک یان پیاوێک ئەگەر سزای لە سێدارەدانی هەبێت مافی پێدەدرێت هاوسەرگیری ئەنجام بدات یان بە پیچەوانەوە ڕێگەی پێنادریت .

تەوەری کۆتاییش کە تەوەری سێیەمە دابەش کراوە بۆ دوو باس و باسی یەکەم دانراوە بۆ ( جیابونەوەی دادوەری و ئەو دۆخانەی کە تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات ) ، لەم تەوەردا ( جیابونەوەی دادوەری ) دەناسێنین مەبەست لەو چەمکە چیە و ئەو دۆخانە یان ئەو هۆکارانە باس دەکەین کە بە تەنیا ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی لە بەردەم دادگای باری کەسێتی، لە کاتێکدا پیاو بۆی نیە بەو هۆکارانە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی ( ژنەکەی ) بکات .

کۆتا باس باسی دووەمە لە تەوەری سێیەم ، لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر دۆخێکی تایبەتی پیاو کە بریتیە لە بوونی سزای لە سێدارەدان دەرهەقی ، لەم دۆخە تایبەتەی پیاو پرسیار دەکەین ئایا هاوسەرەکەی بە هۆکاری بوونی سزای لە سێدارەدان مافی هەیە داوای جیابوونەوە بکات لە هاوسەری سزادراوی ئەمە دەخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە و کۆتا بابەتی تویژینەوەکەمان .

دواجار تویژینەوەکەمان کۆتایی پێدەهێنین بە ( کۆتایی ) کە ئەویش دوو ڕەهەند لە خۆ دەگریت یەک ( دەرئەنجام ) و ئەوی تریان (ڕاسپاردەکان ) .

## تەوەری یەکەم

## چەمک و سزای لە سێدارەدان لە نێوان دەق و جێبەجێکردندا

سـزای لە سـێدارەدان لەو سـزایانەیە کە ئیجگـار قـورس و دژوارە چـونکە دەخـرێتە سـەر جەسـتەی مـرۆڤ و دواجـار بە گیـان کیشـانی مـرۆڤەکە کۆتـایی دێـت ، هەر بـۆیە لەو ڕوانـگەیەوە پێویسـتە ئەو چەمکـی سـزایە بە تەواوی ڕاڤە بکرێـت تـا لە مانـاو واتـا گشـتگیریەکەی تێـبگەین ، و ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلامیش پـێش یاسـا دانراوەکـان بە سـزای لە سـێدارەدانی وەرگرتـوە بەڵام لە چوارچێـوەیەکی تەسـکدا و بە شـێوەیەکی قەتیسـکراو بـۆ هەنـدێک تـاوان کە ژمارەیـان ( ٥ ) تـاوانە و ناکرێـت تـاوانی تـر بکـرێتە پێـوەر و ئەم سـزایەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت .[١]

لێرەدا پیویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە کام تاوانانە لە هەرێمی کوردستان سزای لە سێدارەدانیان هەیە بە پێی کام یاسایە و لە هەمان کاتیشدا دەقی ( ماددەی )ی یاساکان دیاری بکرێن و پاشان لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕاڤەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان بکرێت بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان دواجار تیشک و ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەوەی ئایا لە هەرێمی کوردستان سزای لە سێدارەدان جێبەجێدەکریت یان بە پێچەوانەوەی جیبەجێناکرێت . هەر بۆیە ئەم تەوەرەمان بۆ دوو باس ڕێک خستووە کە بەم شێوەیە کە لە خوارەوە دێن :-

[١] - ئەو تـاوانەنەی کە سـزای لە سـێدارەدانیان هەیە لە ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام بـریتین لە ( ١- کەسـێک دژی دەسەلات ( حکومەت) ی ئیسلامی بێت ٢-هەلگەرانەوە لە دینی ئیسلام ٣-زینـاکردنی ژنێکی خـاوەن مێـرد یان پیاوێکی خاوەن هاوسەر ٤-کەسی ڕێگر مەبەست لەو کەسەیە چەتەیی دەکات و خەلکی دەکوژێت ٥-تۆلەسەندنەوە مەبەست ئەوەیە کەسێک کەسێکی تری کوشتووە بە نـاهەق ، بـۆ زانیـاری زیـاتر بـروانە د . محمد احمد شحاتە ، لە سێدارەدان لە نێـوان شـەرعەت و یاسا و دادگەرییەکانی دادوەری ، وەرگیرانـی بـۆ زمانی کوردی ، راویژکاری یاسایی عزالدین عبدالله یاسین ، چاپی یەکەم ، سالی ٢٠٢٣ ، لاپەرە ١٣ تا ٢٧.

## باسی یەکەم :- چەمک وپێناسەی سزای لە سێدارەدان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی

سەبارەت بە ناساندن و پێناسەکردنی سزایی لە سێدارەدان ، هەڵبەت ناساندن و پێناسەی زۆری بۆکراوە و لە سادەترین ئەو پێناسانە ، پێناسەی سزای لە سێدارەدان دەکات بەوەی بریتیە ( لە گیان کێشانی تۆمەتبارکراو بە سزای لە سێدارەدان ) ، یان هەندیکی تر پیناسەی جیاواز تری بۆدەکەن و دەڵێن بریتیە لە ( لێسەندنەوەی رۆحی سزادراو بە یە کێک لەو ئامرازانەی یاسا دیاری کردووە ) یاخود ناساندنی بۆکراوە بەوەی بریتیە لە ( لێسەندنەوەی ڕۆحی سزادراو کە حوکمەکەی لە داگایەکی تایبەتمەند دەرچووە کە تاوانیکی مەترسیداری لەو تاوانانە ئەنجام داوە کە یاسا دەقی لەسەر داوە بە لە سێدارەدان .[1]

جگە لەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین هەندیک پێناسەی تریشی بۆ بکەین بەم شێوەیە:-

**لە ڕووی زمانەوانییەوە** پێناسە دەکرێت بەوەی بریتیە لە نەمان ، نەبوون ، یان بەیەک واتا بریتیە لە لە دەست دان و لە ناوچون و ڕۆیشتنی شتێک .

بەڵام لە ڕووی چەمکەوە پێناسە دەکرێت بەوەی بریتیە ( لەو سزایەی بە ناوی کۆمەڵگاوە دەردەچێت بۆ جێبەجێکردنی بریارێکی دادوەری ، دوای ئەوەی کە کەسەکە بەرپرسیارێتی لە تاوانەکە دەسەلمێت ، یان بریتیە لەو سزایەی کەبەسەر سزادراودا دەچەسپێت لەبەرئەوەی سەرپێچی یاسای کردووە ، وە زانایان پێناسەیان کردووە بەوەی بریتیە لە (ڕۆح کێشانی سزادراو ( محکوم علیە ) .[2]

[1] - کارمەند محمود عبداللە ، سزای لە سیدارەدان لە هەرێمی کوردستان لە نیوان جیبەجیکردن و راگرتندا ،شوین و سالی چاپ سلیمانی ٢٠٢٣ ، لاپەرە ١٣.

[2] - عضو الادعاء العام بهجت حسن صالح ، دور الادعاء العام في الجرائم المعاقب عليها بالاعدام ، بحث قدم الى مجلس القضاء في اقليم كوردستان ،كجزء من كمتطلبات الترقية من صنف الثالث الى الصنف الثاني من اصناف الادعاء العام ، ص٩.

بەڵام یاسـادانەری عێراقـی بە کەمتـرین ووشـە و بە جـوانترین  مانـا پێناسـەی سـزای لە سێدارەدانی کردووە بەوەی بریتیە لە ( خنکاندنی سزادراو تا ئەو کاتەی دەمرێت ) .[١]

لە هەموو ئەو پێناسانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆیەوە کە سزای لە سێدارەدان کۆتـایی بە ژیانی سزادراو دەهێنێت وبۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان دەکات لەم ڕوانگەیەشەوە لێکەوتەی بەرچاوی دەبێت لەسەر ژیانی هاوسەرگیری ئنجا چ بۆ ئەنجامدانی گریبەنـدی هاوسـەرگیری بێت لە کاتی بوونی سزاکە  یان بە پێچەوانەوە هاوسەری سزادراو داوای جیابوونەوە بکـات بەوەی هیچ هیوایەک نەماوە کە هاوسەرەکەی بگەڕێتەوە ماڵی هاوسەرگیری و جـارێکی تـر ژیانی هاوسەرگیری ئاسایی دەست پێبکەنەوە .

کاتێک ئەو سزایە لە دادگایەکی تایبەتمەندو خاوەن دەسـەڵاتەوە دەردەچێـت پیـرۆزی و بەهای  ئەو بریارە لە جێبەجێکردنیدایە ، وە لەبەر هەستیاری و گرنگی سـزاکە  یاسـاش ڕێـو شوینی خۆی بۆ جێبەجێکردنی دیاری کردووە و دەبێت بەو شێوەیە جێبەجێبکرێت کە یاسا دیاریکردووە .

ئەگەر سەرنجی یاسـای بنەمـادادگەرییە سـزاییەکان بـدەین بە ژمـارە (٢٣) ی سـالی ١٩٧١ هەمـوارکراو و مادەکـانی (٢٨٥ تـا ٢٩٤) ی تەرخـان کـردووە بـۆ چـۆنیەتی  جێبەجێکردنـی ئەویش بەوەی سەرەتا سزادراو بە سزای لە سـێدارەدان لە زینـدان دادەنرێـت تـا ئەو کـاتەی مەرسومی هەرێمـی ( هەرێمـی کوردسـتان ) بـۆ دەردەچێـت ، ئەگەر دادگـای پێـداچونەوەی هەرێمی کوردستان سزاکەی پەسەندکرد ئەوا دەبێت سەرۆکی ئەنجـومەنی دادوەری داواکە بنێرێت بۆ سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دەرچوانـدنی مەرسـومی هەرێمـی لەسـەر سزاکە .[٢] بۆ جێبەجێکردنی و بەگەیشتنی دۆسـیەکە بـۆ سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ، سەرۆکی هەرێم مەرسومی هەرێمی ( اقلیمـی ) دەردەکـات جـا بـۆ جێبەجێکردنـی سـزای لە

---

[١] -بروانە مادەی (٨٦ ) لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو .

[٢] -ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری ژمارە (٧٧) لە ٢٠١٤/١٠/٤ دەرکرد کە ناوەرۆکەکەی دەڵێت ( ئامـاژە بە حـوکمی مـاددەی /٧٠ لە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری بە ژمـارە (٢٣)ی سـالی ٢٠٠٧ بریـار درا بە کـۆی دەنـگ کە دەسـتەواژەی سـەرۆکی ئەنجـومەنی دادوەری جـێگەی دەسـتەواژەی وەزیـری داد بگـریتەوە لە کارەکـانی تایبەت بە دادگاکان و کاری دادوەریدا لە هەرێمی کوردستان .

سێدارەدانەکە بێت یان بۆ گۆڕینی سزا یان بە لێخۆشبونی سزادراو لە سزای سێدارەدانەکەی ، خـۆ ئەگەر مەرسـومەکە بـۆ لە سـێدارەدان دەرچـوو ئەوا دواجـار سـەرۆکی ئەنجـومەنی دادوەری فەرمانێـک دەردەکـات بەوەی مەرسـومی هەرێمـی دەرچـووە و بـا ڕێکارەکـانی تـر تەواو بکرێن .

ســـزای لە ســـێدارەدانەکە دەکەوێـــتە بـــواری جێبەجێکـــردنەوە لە لایەن دەســـتەی جێبەجێکـردنەوە کە پێـک هـاتوون لە دادوەرێکـی دادگـای کەتـن و یەکێـک لە ئەنـدامانی داواکاری گشتی و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەری زیندان و پزیشکێکی زیندان یـان هەر پزیشکێکی تر کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەست نیشان دەکرێت ، هەتا ڕێگە دەدرێت بە پارێزەری تۆمەتبار کە ئامادە بێت لە کاتی جێبەجێکردنی سزاکەدا ئەگەر ویستی و داوای کـرد ئامـادە بێـت وە پێویسـتە ڕۆژێـک پـێش جێبەجێکردنـی سـزاکە بەڕێـوەبەری زیندان کەس و کاری سزادراو ئاگادار بکاتەوە بە جێبەجێکردن و ئەوانیش مافیان هەیە کە ڕۆژێک پێش جێبەجێکردن سەردانی سزادراوەکە بکەن و ئەگەر بیروباوەری ئاینی سـزادراو وا پێویسـتی کـرد کە بـابەتێکی ئـاینی جێبەجـێ بکـات ئەوا مـافیەتی کە ڕێـگەی پێبـدرێت پیاوێکی ئاینی ببینێت .

سزای لە سێدارەدان بە هەلواسین لە ناو زیندان جێبەجێدەکرێت یان هەر شـوێنێکی تـر کە یاسا ڕێگەی داوە ، سەرەتا بەڕێوبەری زیندان مەرسومی هەرێمـی دەرچـوو سـەبارەت بە سزای لە سـێدارەدان بـۆ سـزادارو ئامـادەبوان دەخـوێنێتەوە لە شـوێنی جێبەجێکـردنەکەی ئەگەر سزادراو حەزی کـرد بابەتیـک بڵێـت ئەوا دادوەر کۆنوسـێک ڕێـک دەخـات و دەسـتەی جێبەجێکردنی سزا واژوی لەسەر دەکەن .

کۆتاجاردوای تەواو بوونی جێبەجێکردنی سـزاکە بەڕێـوەبەری زینـدان کۆنوسـێک ڕێـک دەخـات و شـایەتی پزیشـکەکە دەنوسـێت بـۆ مـردن و کـاتی مردنـی سـزادراوەکە پاشـان دەستەی جێبەجێکردن کۆنوسەکە واژوو دەکەن بەمەش ڕێکارەکـانی جێبەجێکردنـی سـزای لە سێدارەدان کۆتایی پێ دێت .

و لاشەی سزادراوەکە  لەسەر داوایان ڕادەستی کەس و کاری دەکرێتەوە و ئەگەر داوایان نەکردەوە ئەوا لاشەکە لە لایەن کارگێڕی زیندانەوە بە خاک دەسپێردرێت  لەسەر خەرجی حکومەت و نابێت ناشتنەکە ڕێوڕەسمی بۆ ڕێک بخرێت .[1]

## باسی دووەم :-سزای لە سێدارەدان لە نیوان دەقەکان و جێبەجێکردندا .

لە باسی یەکەمدا بە ووردی پێناسەی سزای لە سێدارەدانمان کرد دواتر لە ژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان لەهەرێمی کوردستان بە ڕوونی باسی چۆنیەتی جێبەجێکردنی سزاکەمان کرد و تیشکمان خستە سەر ئەوەی کە پیرۆزی بڕیارە دادوەریەکان لە جێبەجێکردنیدایە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە دەبێت نوسینیکی ڕەش لەسەر پارچە کاغەزیکی سپی و دواجار هیچ نرخێکی نامینێت .

بۆیە لەم تەوەردا یەک بەیەک باس لەو  یاسا و مادده یاساییانە دەکەین کە سزای لە سێدارەدان لە خۆ دەگرن و بەرکارن لە هەرێمی کوردستان دواجاریش ڕوونی دەکەینەوە بەوەی ئەو سزایانەی لە یاساکاندا هاتوون جێبەجێدەکرێن یان بە پێچەوانەوە .

سزای لە سێدارەدان بە سزا ڕەسەنەکان ناودەبرێت و ئێستا بە ڕوونی تیشک دەخەینە سەر ئەو مادده یاساییانەی کە سزای لە سێدارەدان لە خۆ دەگرن :-

١-یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە ١١١ی سالی ١٩٦٩ ز هەمواركراو لە كوشتنی بە ئەنقەستدا و لەچەند دۆخێکدا سزای لە سێدارەدانی بۆ بکوژ داناوە و لە مادەی (٤٠٦ ) بە هەردوو بڕگەو لقەکانیەوە سەرەڕای مادەی (١٩٧ ) ئەمیش بە هەمان شێوە سزای لە سێدارەدانی لە خۆ گۆتووە .

---

[1] -بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی جیبەجیکردنی سزای لە سێدارەدان ، بروانە القاضي جمال محمد مصطفى ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، سنة الطبع ٢٠٠٥ص٢٠١-٢٠٤.و د. براء منذر كمال عبدالطيف ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، الطبعة الثانية ٢٠١٠ .

ص٤١١-٤١٨ و سعيد حسب الله عبدالله ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، مطبعة ابن الاثير ، سنة الطبع ٢٠٠٥ ص٤٣٣.

٢-یاسـای بەرەنگـاربونەوەی تۆقانـدن (تیـرور ) بە ژمـارە (٣) ی سـالی ٢٠٠٦ ز و مـاددەی ( دووەم ) سزای لە سێدارەدان لە خۆ دەگرێت .

٣-یاسـای چەکـی بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان بە ژمـارە (٢) ی سـالی ٢٠٢٢ سـزای لە سـێدارەدانی جێگیـر کـردووە لە مـادەی (١٣) ولە هەردوو بـڕگەی (سێیەم و چوارەم /١ ) .

٤-یاسـای ژمـارە (٦ ) سـالی ١٩٩٢ ز بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان بە ناونیشـانی (یاسـای پاراسـتنی بێگانەکـان و ئەو کـارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان و ڕێکخـراوە مرۆڤایەتیەکـان کە لە هەرێمـی کوردسـتان کـاردەکەن ، و یاسـاکە لە مـادەی دووەم /أ سـزای لە سـێدارەدانی لە خـۆ گرتـووە بـۆ ئەو کەسـانەی کە کەسـی بێگـانەو ئەوانەی لەگەڵ ئەوانـدا کـاردەکەن بکوژێـت سـزای لە سـێدارەدان بەسەریدا پیادە دەبێت .

٥-یاسـای ژمـارە (٨) سـالی ١٩٩٢ بەرکـار لە هەرێمـی کوردسـتان بە ناونیشـانی ( یاسـای سـزادانی هەڵگـرتن و دروسـتکردن و بەکارهێنـانی تەقەمەنـی ( متفجـرات و متفرقعـات ) و لە مـادەی ( دووەم ) لەم یاسـایە سـزای لە سێدارەدانی دیاری کردووە .

٦-یاسـای نەهێشـتنی بازرگـانیکردن بە مـرۆڤ بە ژمـارە (٢٨ ) ی سـالی ٢٠١٢ کە لە پەرلەمـانی عێـراق دەرچـووە و بە یاسـای ژمـارە (٦ )ی سـالی ٢٠١٨ ز کە لە پەرلەمـانی کوردسـتان دەرچـووە ئەو یاسـایە بەرکـارکراوە لە هەرێمـی کوردسـتان و لە مـادەی (٨) یاسـاکەدا سـزای لە سـێدارەدانی بـۆ ئەوکەسـانە دیاریکردووە کە ئەگەر کردەی تۆمەتبار بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو .

٧-یاسـای ژمـاره (١) ی سـالی ٢٠٢٠ز یاسـای بەرەنگـاربونەوەی مـادە هۆشـبەروکارتێکەرە عەقلیەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان و مـادەی (٢٥ ) بە هەر سـێ بـڕگەکەیەوە سـزای لە سێدارەدانی لە خۆگۆتووە .[1]

هەمـوو ئەو مـادە یاسـاییانەی لەسـەرەوە بـاس کـران و کـۆکرانەوە هەمویـان سـزای لە سـێدارەدانیان لە خۆگرتـووە بـۆ تۆمەتبـار لە کـاتی سـەلماندنی تـاوانەکە لەسـەری و لە کـاتی بـوونی بەڵـگەی تەواو دژی ، وە ئەو کـۆمەڵە یاسـایە بە خـودی دەقەکانیـانەوە بەرکـارن لە هەرێمـی کوردسـتان و هـیچ شـک و گومانێـک بـوونی نـیە لەبەر کاربونیـان بەلام پرسـیارە گرنـگ و هەسـتیارەکە ئەوەیە ئایـا لە کـاتی دەرچووانـدی بریـاری لە سـێدارەدان لە لایەن دادگـای تایبەتمەنـدەوە ئەو سـزایە پیـادە دەکرێـت ؟؟؟ ، وەڵامەکەی ڕوونە نەخێـر ئەو سـزایە پیـادە ناکرێـت لەسـەر سـزادراو و دەخـرێتە نـاو زیندانەوە و لەوێ ژیانیکی پڕ لە چاوەروانی بەسەر دەبات .[2]

دوای ئەوەی ڕژێمـی پێشـوتر لە ٢٠٠٣/٤/٩ بە یەکجـاری ڕووخـا (بـول بـریمەر ) سـەرۆکی کـارگێری دەسـەڵاتە کـاتیەکەی ئەو کـات لە ٩ /٦ /٢٠٠٣ بە پێـی فەرمـانی ژمـارە (٧) سـزای لە سـێدارەدانی هەڵپەسـتارد و جێبەجێکردنـی وەسـتاند بەڵام دواتـر و لە قۆنـاغی گواسـتنەوەی کـارگێری دەولەت ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێـراق بە بریـاری ژمـارە (٣ ) ی سـاڵی ٢٠٠٤ سـزای لە هەنـدێک تـاوان بە قەتیسـکراوی گەڕانـدەوە بـۆ مادەکـانی ( ١٩٠ تـا ١٩٦ ) لە یاسـای سـزادان و هەردوو بـڕگەی (١ و٢ ) لە مـادەی (١٩٧ ) لە هەمان یاسا .

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسا ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوەە ، وکارمەند محمود عبدالله ، سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٧ تا٣٨ و بهجت حسن صالح سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٣ .

[2] -ئەو کەسانەی کە سزای لە سێدارەدانیان هەیە لە هەرێمی کوردستان و لە کوچی زیندانەکانی چاکسازی ژیـان بەسـەر دەبـن و ژیانیـان لـێ نەسـێنراوەتەوە تـا بەورازی ٢٠٢٢/٦/٨ (٤١٦) کەس بـوون لەوانەش (١٥٣ ) سـزادراویان لە چاکسازی هەولیـر ژیـان بەسـەر دەبەن و و پارێزگـای سـلێمانی ژمارەیـان ( ١٥٧ ) کەسـە کە ئەوانیش ژیانیان بەردەوامی هەیە و لە شاری دهۆکیش ژمارەیان ( ١٠٦) سزادراوە کە ئەوانـیش وە ئەوانـی تر لە ژیاندا ماون و ژیانی خۆیان بەرێدەکەن لە زیندان ، بۆ زانیاری زیـاتر بـروانە کارمەنـد محمـود عبـدالله ، سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٦ -١٧ .

بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەرمانەوەو نەمانی سزای لە سێدارەدان ، دواجار ئەنجومەنی وەزیران بە بریاری ژمارە (٤٠٦ ) لە ١٩ /کانونی دووەم / ٢٠٠٤ ز سزای لە سێدارەدانی هەڵپەستارد و جێبەجێناکرێت ، ئەمە لە کاتێکدایە کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت سزای لە سێدارەدان دەردەکەن ئەمەش وایکردووە چەندین سزادراو بە سزای لە سێدارەدان لە زیندانەکان بەردەوامی بە ژیانیان بدەن و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەیان زیاد دەکات .[1]

و لەم باسەدا گەشتینە ئەو ڕاستیەی کە دەقەکان بۆ سزای لە سێدارەدان تا ئێستا زیندوون و بەرکارن و دادگاکانیش بەردەوامن لە جێبەجێکردنی دەقەکان بە دەرکردنی سزای لە سێدارەدان بەڵام هەموو ئەو سزایانەی بەو جۆرە دەردەچن جێبەجێ ناکرێن بەڵکو سزادراوان بە زیندوویی لە چاکسازیەکان کات بەڕێدەکەن و هەموو ڕۆژێک لە چاوەڕوانی ئەوەدان کەی لە دەرگای زیندان دەدرێت و ئەوان دەبەن بۆ لە سێدارەدان دواجاریش گەیشتینە ئەو بڕوایەی، کە دەقەکان بۆ سزای لە سێدارەدان زیندون وماون بەڵام جێبەجێکردنی وەستاوە و وەک نەمانی لێهاتووە .

---

[1] -بهجت حسن سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٣تا ١٦ .

## تەوەری دووەم

## گرێبەندی هاوسەرگیری و پایەکانی و مەرجەکانی

سروشـتی زۆربەی گرێبەنـدە هاوسـەرگیرییەکان لە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا  بە خـوازبێنی دەسـت پێـدەکات ، ئەویـش بـریتییە لە گفتوگـۆ و ڕاگـۆڕینەوە لەسـەر تێکـڕای ووردەکـاری هاوسـەرگیرییەکە بـۆ بـابەتی مـارەیی و مـاڵی جیـا و چەنـدین بـابەتی تـر دەخـرێنە نـاو گفتوگۆکـان و ئەگەر بە شـێوەیەکی سـەرەتایی ڕێکەوتـن ئەوا خـوازبێنی کۆتـایی دێـت و هەنگـاو بەرەو مـارەبڕین (نکـاح) دەنرێـت . خـودای گەورە (جەلله جەلالەهـو) لە قورئـانی پیرۆزدا باسی خوازبێنی کردووە ، ئەویش لە سورەتی (بەقەرە)، ئایەتی (٢٣٥) و یاسای باری کەسیش سوودی لەم سورەتە قورئانییە وەرگرتووە ، باسـی خـوازبێنی کـردووە، لە مـاددەی (٣/ ٣ لە یاسـاکەدا) ، وە خـوازبێنی بە (نکـاح) دانانرێـت و هەنگـاوی پـێش گرێبەنـدی هاوسـەرگیرییە ، دوای ئەم ڕێکـارە بەشـێوەیەکی گشـتی ئنجـا کۆتـا هەنگـاو دەنرێـت و گرێبەندی هاوسەرگیری دەبەسترێت کە بە دڵنیاییەوە ئەم گرێبەستە چەندین پایە و مەرجی خۆی هەیە کە پێویستە باسیان بکەین لە باسێکدا .[١]

### باسی یەکەم :- گریبەندی هاوسەرگیری و پایەکانی و مەرجەکانی .

زانایانی ئاینی ئیسلام و ئەوانەی لە بواری خێزانیدا کار دەکەن، پێناسەی هەمەچەشنە و زۆریان کردووە بۆ گرێبەندی هاوسەرگیری ، دەتوانین بڵێین زۆربەی پێناسـەکان لەیەکەوە نـزیکن، بەڵام یاسـای بـاری کەسـی لە مـاددەی (١/٣)دا پێناسـەی گرێبەنـدی هاوسـەرگیریی کردووە، بەوەی: (گرێبەستێکی ڕەزامەندییانەیە، کە لە نێوان ژن و پیاودا ئەنجام دەدرێـت و بە پێی ئەو گرێبەندە لە ڕووی شەرعەوە هەریەکەیان بۆ ئەوی تر حەڵاڵ دەکات و مەبەسـت لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و بەرپرسیارێتی هاوبەش) بە پێی

---

[١] -بۆ زانیاری یـاتر لەسـەر بـابەتی خـوازبێنی بـڕوانە ( د. جمیـل فخـري محمـد جـانم ، مقـدمات عقـد الـزواج الخطبة في الفقه و القانون ، الطعة الاولی ٢٠٠٩ ، ص١٩-٢٧.

ئەحکامی یاساکە، هەندێك لە زانایـان دوو مەبەسـتی تـر لە گرێبەنـدی هاوسـەرگیریی بـاس دەکەن، کە ئەوانیش کۆبوونەوەیە (جماع)ە، لەگەڵ وەچەخستنەوە.

بۆ دارشتنی ئەم پێناسـەیە، پێمـان وایە یاسـادانەر سـوودی لە قورئـانی پیـرۆز سـورەتی (ڕوم)، ئایەتی (٢١) وەرگرتووە. بە پێی ئەم پێناسەیە گرێبەندی هاوسەرگیری تەنها لە نێوان نێر و مێ ئەنجام دەدرێت، یان خانم و پیاو و بە هیچ شێوەیەک هاوسەرگیریی نێـوان ژنـان، یان پیاوان ڕێپێدراو نییە، نە لە ڕووی شەرعەوە، نە لە ڕووی یاساوە.[١]

و لەم باسەدا پشت بەخوا دوو تەوەری گرنگی گرێبەندی هاوسەرگیری باس دەکەین یەکیان (پایەکانی ) ئەوی تریان ( مەرجەکانی ):

## پایەکانی گرێبەندی هاوسەرگیری :-

پایەکانی گرێبەندی هاوسەرگیری بریتیە لەو بەشانەی کە نایەنە دی تەنها بە بوونیان نەبێت،بەشێوەیەک ئەگەر بەشێکیان یان هەمویان نەهاتنە دی ئەوا گرێبەندی هاوسەرگیری نیە و نابێت .

پایەکـانی گرێبەنـدی هاوسـەرگیریی بـریتیە لە (ایجـاب)کـردن لەلایەن یەکێـك لە هاوسـەرانەوە و (قبـوڵ)کردنـی لایەنەکەی تـر، جـگە لەوەش دەکرێـت پرۆسـەی هاوسـەرگیری بـۆ مـارەبڕین بە بریکارنـامە بکرێـت، بەڵام دەبێـت ئەو بریکارنـامەیە وردەکـاری تەواوی تیـادا بێـت، بـۆ نمـوونە مـارەم بکـات لە فڵانـی کـوڕی فـڵان کە کـوڕە و مـارەییەکەم (پێشـەکییەکەی ئەوەنـدەیە و پاشـەکی ئەوەنـدەیە) و مـن کچـم و ئەو

[١] -یاسـای بـاری کەسـێتی ئەردەنـی لە مـادەی پێنجەمـدا پێناسـەی گرێبەنـدی هاوسـەرگیری کـردووە بەوەی بریتیە لە ( گریبەندێکە لە نێوان پیاو و ئافرەت ئەنجام دەدرێـت وبـۆ یەکتـری حەڵاڵ دەبـن ومەبەسـت لێـی پێـک هینـانی خێـزان و خسـتنەوەی وەچەیە ، یـان بەشـێوەیەکی تـر پێناسـەی دەکرێـت بەوەی بـریتیە لە ( گرێبەندێکە کە پیاو و ئافرەت چێژ لە یەکتری دەبینـین بە شـێوەیەکی ڕێپێـدراو ( مشـروع ) ، ویاسـای بـاری کەسێتی عێراقی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ ز پێش هەوارکردنـی بە یاسـای ژمـارە ( ١٥ ) ی سـاڵی ٢٠٠٨ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە پێناسەی کردووە بەوەی بریتیە لە ( گرێبەندێکە لە نێوان پیـاو و ئـافرەت و حەلال دەبن بۆ یەکتری و ئامانج لێی دامەزراندنی ژیانێکی سەربەخۆو وەچەخستنەوەیە ، بۆ زانیاری زیـاتر لەسەر پێناسەکان بڕوانە ( د.احمد عبید الکبیسي ، الاحوال الشخصية في الفقـه ة القضـاء و القـانون ، الجـزء الاول ،شرکة عاتك سنة الطبع ٢٠٠٩ ،ص٣٥ .

کـورە... هتـد، ئەمەش پاڵپشـت بە مـاددەی (٤ لە یاسـای بـاری کەسـێتی)،کەواتە بە پێـی یاسـای بـاری کەسـی پایەکـانی گرێبەنـدی هاوسـەرگیری بـریتین لە ( الایجـاب والقبول ) .[1]

مەبەست لە ( الایجاب ) بریتیە لە ووتەی ئەو کەسەی یەکەمین جار وویستی خۆی دەدرکێنێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەندی هاوسەرگیری بۆنمونە ( فلانی کچی فلان شوم پێدەکەیت لەسەر مارەیی ( ئەوەندە ) ، و (قبولێش ) بریتیە لە ووتەی کەسی دووەم کە ڕەزامەندی دەردەبڕیت لەسەر درکاندنی ( ایجاب ) لایەنی یەکەم ، و وەک ووتمان ( ایجاب و قبول ) دەبێت لە لایەن ژن و مێردەکەوە بدرکێنرێن یان لە لایەن بریکارەکانیانەوە .[2]

زانایـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کە چەمکـی ( ایجـاب ) دەتوانرێـت گوزارشـتی لێبکرێـت بە ووشـەی هاوسـەرگیریم لەگەل دەکەیـت یـان ژن ومێـردایەتیم لەگەل دەکەیـت ( النکـاح و التـزویج ) ، بەڵام ئەوەی لە کلتـوری کۆمەلگـای کـوردی زیـاتر بـاوە هەر ووشـە عەرەبـیەکە بەکـار دێـت وئەودوو ووشـەیە خـوای گەورە لە قورئـانی پیـرۆز لە هەردووسـورەتی ( نسـاء – ئـایەتی -٣ - ) و سـورەتی ( الاحـزاب – ئـایەتی – ٣٧ - ) هێناونی و باسی لێوەکردوون .

[1] -زانایـانی ئـاینی ئیسـلام و ئیمامەکـان رای جیاوازیـان هەیە لەسـەر پایەکـانی گرێبەنـدی هاوسـەرگیری بەشیوەیەک ( شافعیەکان پێیـان وایە (٥ ) پـایەی هەی کە ئەوانـیش ( چەمک ( دەسـتەواژەی الایجـاب و القبول ) وپیاو و ئافرەت ودوو شایەت وسەرپەرشتیار ) ، و مالکیەکـان پێیـان وایە گرێبەنـدی هاوسـەرگیری چوار پایەی هەیە ( سەرپەرشتیار و مارەیی و پیاو وئافرەت ( محـل) وچەمکـی ( الایجـاب و القبـول ) بەڵام بە بـێ بـوونی (شـایەت ) ، بەلام هەنـدێک لە زانایـانی مەزهەبـی مـالکی پیپیـان وایە (٥) ئەوانـیش ( پیـاو و ئافرەت و سەرپەرشتیارو و مارەیی و دەستەواژە)، و مەزهەبی احمدی کوری حەنبەل پێیان وایە گرێبەنـدی هاوسـەرگیری سـێ پـایەی هەیە ( پیـاو و ئـافرەتەکە کە بەیەک بشـێن و ( الایجـاب ( و ( القبـول ) .بەڵام مەزهەبـی ابـو حەنـیفە و لایەنگرانـی ئەوان پێیـان وایە گرێبەنـدی هاوسـەرگیری دوو پـایەی هەیە یەک ( الایجاب ) و ئەوی تریان ( قبول ) کە یاسای باری کەسی بەم مەزهەبەی وەرگرتووە ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە (د. محمد خضر قادر ، دور الارادة في احکام الزواج و الطلاق و الوصیة ، دراسة فقهیـة مقارنـة ، سـنة الطبـع ٢٠١٠، ص١١٩-١٤٤.

[2] -بروانە ( د. احمد عبید الکبیسی ، سەرچاوەی پیشتر لاپەرە٤٩) .

هەروەهــا لەســەر ئەوەش كــۆكن كە چەمكــی ( قبــول ) درووســتە بەهەر ووشــەيەک دەربربردرێــت كە گوزاشــت لە ( ڕەزامەنــدی و ڕازی ) بــوون بكــات . جــگە لەوەش لەســەر ئەوە كــۆكن كە پێويســتە ئەو دەســتەواژەی وەک ( الايجــاب و القبــول ) دەردەبڕدرێــت بە دەســتەواژەيەكی ڕوون و بە شــێوەيەكی ڕابــردوو بێــت كە ئەويــش بەڵــگە دەبێــت لەســـەر ئەوەی كە گرێبەنـــدەكە دەســـت بەجـــێ هـــاتۆتەدی و كەوتەوە ، وە دەكرێـــت چەمكــی ( الايجــاب ) بــۆ ئاينــدە بێــت يــان بە شــێوەی ئەمركــردن ( امــر) بێــت ، بەلام (قبــول) دەبێــت بــۆ ڕابــردوو بێــت و لە (ئاينــدەو ئەمــرەكەدا ) ئەبــێ هەنــدێک گوزارشــت لە دەســتەواژەكەدا هەبــن و بەڵــگەی ڕوون بــن لەســـەر ئەوەی گرێبەســتەكە دامەزراو درووست بوونی كۆتايی پێ بێت .[1]

## مەرجەكانی گرێبەندی هاوسەرگيری :-

گرێبەنـــدی هاوســـەرگيری دانامەزرێـــت تـــا چەنـــد مەرجێـــک نەيـــنە دی ، و ئەو مەرجـــانەش كە ياســـای بـــاری كەســـی باســـی كـــردوون لە مادەكـــانی ( شەشـــەم و وحەوتەم / ١و دوازدەو سيازدە ) بريتين لە:-

يەكەم : - مەرجەكانی گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگيری ( شـروط الانعقـاد ) ، دەبێـت چەنـد مەرجێک لە پرۆسەی هاوسەرگيريدا هەبن ، بۆ گرێدانی هاوسەرگيری ئەوانيش بريتين لە:

**١-پێگەيشتوی ( الاهلية ) :-**

ژيريـــی و ئەوی تريـــان تەمەنـــی بلووغبـــوونە، كە دەبێـــت هەژدە ســـاڵی لە تەمەنـــی تەواوكردبێــت ، بەڵام ســەبارەت بە تەمەن دوو بەدەرمــان هەيە، واتــا دەتــوانين پرۆســەی هاوسەرگيريی ئەنجام بدەين بۆ دوو كەس، كە ژيرن، بەڵام هەژدە ساڵيان لە تەمەنيان تەواو نەكردووە ، ئەو دوو بەدەرەش ئەمانەن:

---

[1] - د. محمد خضر قادر ، سەرچاوەی پيشوتر لاپەرە ١٢٤ -١٣٠.

**یەکەم:** ئەگەر شازدە ساڵی لە تەمەنی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت، سەرپەرشتیارەکەی ڕازیبێت و ڕێگریی تەندروستیش نەبێت و توانای جەستەییشی ڕێی پێ بدات.

**دووەم:** ئەگەر یەکێك لە هاوسەران گەیشتبێتە (١٥ ساڵ) لە تەمەنی و هۆکارێکی پێویست هەبێت بۆ بەشوودانی و سەرپەرشتیارەکەی ڕازیبێت ، هەروەها ڕێگری تەندروستی نەبێت ، بالغ بووبێت و لە ڕووی جەستەییەوە ئامادە بێت بۆ هاوسەرگیریی، ئەوا دادگا ڕێی پێ دەدات شوو بکات، بۆ نموونە کەسێك دایك و باوکی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست داوە و لای خاڵی دەژی و کوڕی عازەبیشی لەسەر ماڵ هەیە و خوازبێنی هاتووە ، لێرەدا لە بەرژەوەندی ئافرەتەکەیە بدرێت بە شوو، بەڵام بەو مەرجانەی سەرەوە، ئەگەر مەرجەکان یەکێکیان نەبوو، ئەوا دادگا ڕێی پێنادات.

**٢-کچ و کوڕەکە لە یەك دانیشتندا بن** و کوڕەکە هەر لەو مەجلیسەدا (ئیجاب) بکات و بۆ نموونە بڵێت: (فڵانی کچی فڵان، شووم پێ دەکەیت (نکاحم قبووڵ بکە) لەسەر مارەیی ٥٠ مسقاڵ ئاڵتوونی عەیارە ٢١) و کچەکەش دەستبەجێ قبووڵی بکات و بڵێت: (قبووڵی نکاحەکەتم کرد فڵانی کوڕی فڵان لەسەر مارەیی ٥٠ مسقاڵ ئاڵتوونی عەیارە ٢١).

**٣-هەریەك لەو کچ و کوڕە دەبێت گوێبیستی یەکتری بن** و بزانن کە مەبەستیان ئەنجامدانی هاوسەرگیرییە.

**٤-پێویستە (ایجاب و قبووڵەکە)** وەك یەك وابن، وەك نموونەی هاتوو لە خاڵی (١)دا.

**٥-دوو شایەت ئاگاداری ئەو نکاحە بن،** شافعییەکان و حەنەفییەکان و حەنابیلەکان ڕایان وایە ، بوونی دوو شایەت مەرجە لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەندی هاوسەرگیری ، بەڵام مالکییەکان پێیان وایە شایەتی پێویست نییە ، وە ئەگەر (ایجاب و قبول ) ەکە بەو

دەستەواژە و چەمکە نەبوون کە باسمان لێوەکرد ، ئەوا لێکەوتەی ئەمە ئەوە دەبێت کە گرێبەستەکە وەک ئەوەیە هەر نەبوبێت و پێی دەڵین ( گرێبەندی پوچەڵ) .[1]

**دووەم :- مەرجەکانی دروستیی گرێبەندی هاوسەرگیری:**

لە ماددەی (١٢)ی یاسای باری کەسێتیدا، باسی مەرجەکانی دروستیی گرێبەندی هاوسەرگیری کراوە ، کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

پێویستە کوڕ و کچەکە بە یەك بشێن و بە یەك حەرام نەبن ، هۆکارەکانی حەرامبوون دوو جۆرن:

**جۆری یەکەم:**

حەرامبوون بۆ هەمیشەیی، ئەمیش نزیکایەتی و خزمایەتی ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە و پەیوەندیی ڕەسەن و لق (اصل و فرع) لەخۆ دەگرێت، وەك: دایك، کوڕ، یان باوك و کچ و ئەمانە بۆ هەمیشەیی لە یەك حەرامن، نزیکایەتیی ناڕاستەوخۆ بریتییە لە پەیوەندی خزمایەتی دوو کەس، کە (اصل)یان هاوبەشە، وەك خوشك و برا، کە هەردووکیان منداڵی باوك و دایکیانن و (اصل)یان هاوبەشە ، هەندێکی تر لەم جۆرە حەرامبوونە بە زاوایەتی دروست دەبێت ، ئەویش بریتییە لەوەی مێرد بۆی نییە کچی ژنەکەی بێنێت کە گواستوویەتییەوە و دایکی دەزگیرانەکەی بێنێت و ئەو کەسانە بۆ هەمیشەیی حەرامن لێی، کۆتا بابەت کە کچ و کوڕ بۆ هەمیشەیی حەرام دەکات لە یەکتری، بریتییە لە شیرخواردنی منداڵی و لە تەمەنی شیرەخۆرەدا شیری دایکی یەکتری دەخۆن.

**جۆری دووەم:**

حەرامبوون لە یەکتری بە شێوەیەکی کاتی، کۆکردنەوەی زیاتر لە چوار ژن لە یەك کاتدا و بۆ ئەوەی ژنی پێنجەم بێنێت، کە حەرامە بۆی، دەبێت یەکێك لە چوار ژنەکانی تەڵاق بدات یان ئەگەر یەکێکیان کۆچی دوایی کرد، ئەوا مێردەکە بۆی هەیە ژنێکی تر بهێنێت بەو مەرجەی لە یەك کاتدا چوار ژن زیاتری نەبێت و ئەگەر چوار ژنی هەبوو، ئەوا ژنی پێنجەمی

---

[1] - ابو مالك كمال بن السيد سالم ، صحيح فقه السنة و ادلته و توضيح مذاهب الائمة ، المجلد الثالث ، سنة الطبع ٢٠١٠،ص١٢٠-١٢٣.

لێ حەرام دەبێـت، تـا یەكێـك لە چـوار ژنەكەی تەڵاق دەدات، یـان یەكێكیـان كـۆچی دوایـی دەكات ، یاخود كۆكردنەوەی دوو خوشك لە یەك كاتدا ، واتا ڕێپێدراو نییە پیاو دوو خوشـك لە یەك كاتدا كۆبكاتەوە و بیانكاتە هاوسەری خۆی ، بەڵام ئەگەر ژنەكەی كۆچی دوایـی كـرد ئەوا دەتوانێت ژن خوشكەكەی بهێنێت ، ژنی تەڵاقدراو ئەگەر عدەی هەبوو، بۆی نیـیە شـوو بە هـیچ پیـاوێكی تـر بكـات تـا عـدەكەی تەواو دەبێـت ، هەروەهـا ژنێـك ئەگەر سـێ جـار تەڵاقدرابوو، ئەوا لە مێردەكەی حەرام دەبێت، مەگەر بەڕێكەوت شـوو بكـاتەوە بە پیـاوێكی تر و بەڕێكەوت مێردە تازەكەی تەڵاقی بدات، یان بمرێـت، ئینجـا عـدەی تەواو ببێـت، ئینجـا بەڕێـكەوت مێـردە كـۆنەكەی بچێـتەوە بـۆ خـوازبێنی، ئەوە ڕێپێـدراوە، یـان ئافرەتێـك تـا موسڵمان نەبێت، یـان نەبێـت بە ئەهلـی كتـابی پیـاوی موسـڵمان، بـۆی نیـیە مـارەی بكـات و حەرامە تا دەبێتە موسڵمان، یان دەبێتە ئەهلی كتابی.

و ئەگەر مەرجێـك لە مەرجەكـانی دروسـتی گرێبەنـدی هاوسـەرگیریەكە نەهـاتە دی ئەوا لێكەوتەی دەبیت لەسەر دروستی گرێبەستەكە .[1]

## باسی دووەم :- هاوسەرگیری لەژێر ڕۆشنایی سزای لە سێدارەدان .

بـابەتی نكـاح یـان ئەنجامـدانی گرێبەنـدی هاوسـەرگیری لە ژێـر ڕۆشـنایی سـزای لە سـێدارەدان بـابەتێكی هەم شـەرعی هەم یاسـایی گرنـگ و دەقـیقە بە تـایبەتی لە كاتێكـدا كە سـزای لە سـێدارەدان لە ڕووی جێبەجێكـردنەوە هەڵپەسـتێردرابێت ئیتر نازانرێت بە یانی جێبەجێدەكرێت یان كەی یان هەر جێبەجێناكرێت .

[1] - عمر جمعة محمود ، فسخ عقد النكاح بين الشريعة الاسلامية و القانون دراسة مقارنة ، بلا مكان و سنة الطبع،ص٢٦-٢٨ ، و بۆ مەرجەكانی گرێدان و درووستی گرێبەندی هاوسەرگیری بروانە ( دادوەر كامران رسول سعيد – من و تۆ و ئەو لە دادگای باری كەسێتی ، سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ٢٩ -٣٢ ، و بڕوانە د . محمدخضر قادر ، سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٢٠-١٨٥ و علي محمد ابراهيم الكرباسي ، شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ المعدل ، دار الحرية للطباعة بلا سنة الطبعص ٢٩-٣٦ و بۆ زانیاری سەبارەت بە سەلماندنی گرێبەندی هاوسەرگیری بروانە فريد فتيان ، شرح قانون الاحوال الشخصية مع تعديلات القانون ، الطبعة الثانية ، سنة الطبع ١٩٨٦ص٥٧.

هەروەهـــا گرێبەنـــدی هاوســـەرگیرمان ناســـاند دواتـــر پایەکـــانی و مەرجەکانیمـــان بە ڕوونی باس کرد .[١]

پرســـیارێکی گرنـــگ وپـــڕ بـــایەخ کە لێـــرەدا ســـەرهەڵدەدات ئەوەیە ئەگەر پیاوێـــک ســـزای لە ســـێدارەدانی دەرهەق دەرچـــوو بێـــت و بڕیـــارەکە پـــلەی بنبـــڕی وەرگـــرت بێـــت بەڵام جێبەجێکـــردنەکەی وەســـتا بێـــت و داواکـــاری پێشـــکەش کـــرد بـــۆ دادگـــای بـــاری کەســـێتی تـــا گرێبەنـــدی هاوســـەرگیری لەگەل خـــانمیکی دیـــاری کـــراو بـــۆ ئەنجـــام بـــدرێت ئایـــا دادگـــا لە ڕوانـــگەی یاســـاوە دەتوانێـــت گرێبەســـتەکەی بـــۆ ئەنجـــام بـــدات ؟؟ یـــان بە پێچەوانەوە .

بە پێـــی یاســـا بەرکارەکـــان لە هەرێمـــی کوردســـتان یاســـای بـــاری کەســـێتی بـــابەتی ئەنجامـــدانی گرێبەســـتی هاوســـەرگیری بـــاس کـــردووە و دواجـــار ڕێکـــی خســـتوە پایەکـــانی چـــین و مەرجەکـــانی چـــین ، بـــۆ ئەم مەبەســـتەش ئەبێـــت بچیـــنە خـــزمەت یاســـای ئامـــاژەپێکراو ، وە دوای تێـــڕوانین بـــۆ یاســـاکە دەرکەوت کە لە ( ٩٤) مـــاددە پێـــک هـــاتووە و هـــیچ مـــاددەیەک لەو مـــاددانە باســـی ئەم بـــابەتەی نەکـــردووە بەڵام یاســـاکە لە مـــاددەی (یەکەم ) دا زۆر بە ووردی ڕێنمایمـــان دەکـــات و پێمـــان دەڵێـــت ئەگەر دەقێـــــــــک نەبـــــــــوو جێبەجێبکرێـــــــــت ئەوا پەنـــــــــا دەبەیـــــــــن بـــۆ(بنەمـــایەکی شـــەریعەتی ئیســـلامی ) کە گونجـــاو بێـــت لەگەڵ دەقەکـــانی ئەم یاسایە .[٢]

بە گەڕانەوە بـــۆ شـــەریعەتی ئـــاینی پیـــرۆزی ئیســـلام و تێـــڕوانین بـــۆ دوو ســـەرچاوە ســـەرەکیەکەی کە ( قورئـــانی پیـــرۆز و فەرمـــودە دروســـتەکانی پێغمـــبەر محمـــد ( د . خ ) )و ئەم دوو سەرچاوەیەش بێدەنگیان هەڵبژاردووە .

---

[١] -بۆ زانینی جۆرو چۆنیەتی دەرکردنی گرێبەندی هاوسەرگیری بڕوانە ، دادوەر کامران رسول سعید ، چۆنیەتی دەرچوواندنی بەلگەنامە شەرعیەکان لە دادگای باری کەسێتی ،چاپخانەی زانا – سلیمانی ،چاپی دووەم، سالی چاپ ٢٠١٨ لاپەرە ١٥ -٥٨ ، و بروانە ، دادوەر کامران رسول سعید ، من و دادگا ،چاپی دووەم ، سالی چاپ ٢٠٢٦ لاپەرە ٩٦.

[٢] -بروانە مادەی یەکەم بڕگەی ١ و٢ لە یاسای باری کەسێتی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ ز هەموارکراو .

بەڵام زانایــانی ئــاینی ئیســلام ڕاو بۆچونیــان دەربڕیــوە لەســەر ئەم بــابەتە ، وکەســی ســزادراو بە ســزای لە ســێدارەدان (پێــوەر ) کــراوە لەســەر کەســێک کە توشــی نەخۆشــیەکی کوشــندە بــووە و مــردنەکەی مســۆگەرە (مــریض مــرض المــوت ) هەربــۆیە زانایــان ئەو جــۆرە نەخۆشــیەیان پێناســە کــردووە بەوەی بــریتیە ( لەو نەخۆشــیەی کە لە نــاوچوون و مردنــی کەســە تــوش بــووەکەی تیــا مســۆگەرە هەرچەنــدە مردنەکەشــی بە هۆکــاری تــر بێــت ، و ئەم جــۆرە لە نەخۆشــیەبە ڕاپــۆرتی پزیشــکی تایبەتمەنــد دەسەلمێت .[1] جگە لەوەش لە ڕوانگەی شەرعیەوە پێناسەی زۆری بۆ کراوە :-

مالکیەکان پێناسەی ئەو نەخۆشە دەکەن بەوەی بریتیە لەو نەخۆشیەی کە ڕای پزیشکەکان زیاتر بۆ ئەوەیە کە مردن زیاتر زاڵ بێت بەسەر نەخۆشەکەدا .

شافعیەکان و حەنابلەکان پێناسەیان کردووە بەوەی بریتیە لە هەر نەخۆشیەک کە زیاتر مردن بەسەریدا زاڵ بێت و بە نەخۆشەکەوە لکا بێت .

حەنەفیەکان پێناسەیان کردووە بەوەی بریتیە لەو نەخۆشـیەیەی کە زۆرتـر مـردن و لە ناوچوون زیاتر بەسەریدا زاڵە .[2]

وە زانایــــان ڕاوبۆچــــوونی جیاوازیــــان هەیە لەســــەر ڕێــــگەدان بە کەســــی ســــزادراو بە لە سێدارەدان ، و ڕاکان کورت دەکەینەوە بەم شێوەیە :-

کۆمەڵەی زانایـان ( جمهـور الفقهـاء ) لە حەنەفیەکـان و شـافعیەکان و حەنابلەکـان و زاهریەکان کە ڕای ئەوان ڕاوبۆچوونی ئیبن مسعود و ومعـازی کـوری جـبلە خـوا لێیـان ڕازی بێـت ، ئەم کـۆمەلەیە پێیـان وایە ئەو کەسـەی کە توشـی نەخۆشـییەکی کوشـندە دەبێـت و دەچێتە چوارچێوەی نەخۆشی نەخۆشیی سەرەمەرگ ئەوا هاوسەرگیری ئەو کەسە دروستە بەمەرجێک مـارەیی خێـزانەکەی لە مـارەیی هاوشـێوە نەترازێـت ، وە ئەگەر مـارەییەکەی لە

[1] -بروانە القاضي عبدالقادر ابراهيم علي ، محاضرات في شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ ، محاضرات مطبوعة و غير منشورة ص٦٥.

[2] -د. محمد محمـود ابـو ليـل ، زواج وطـلاق المحكـوم عليـه بالاعـدام فـى الفقـه الاسـلامى وقـانون الاحـوال الشخصية الاردنى ، ص١٣٣، بحث تم نشره فى مجلـه الجـامعه الاسـلامية للدراسـات الشـرعية و القانونيـة ، والمنشور فى الموقع الاكترونى ( Islamic university of gaza) .

مـارەیی هاوشـێوەش زیـاتر بـوو ئەوا ئەو زیـادەیە وەک دیـاری ( هـدیە ) ئەژمـار دەکرێـت بەمەش جیاوازی نییە ئەگەر کەسی توش بوو بە نەخۆشیەکە ژنەکە بوو یان پیاوەکە .

بەلام مالکیەکـان پێیـان وایە هاوسـەرگیری ئەم جـۆرە کەسـانە ڕێـگە پێـدراو نـیە ئەگەر هەردووکیـــان واتـــا ژنەکەش و پیـــاوەکە هەردووکیـــان توشـــی نەخۆشـــی ســـەرەمەرگ بـــوو بـــن بەلام ئەگەر یەکێکیـان توشـی ئەو نەخۆشـیە بـووبن ئەوا ئەو هاوسـەرگیریە درووسـتە بەمەرجێـک ئەو هاوسـەرگیریە بەمەبەسـتی زیـان گەیانـدن نەبێـت بە کەسـە نەخۆشـەکە یـا کەسـە نەخۆشـەکە پێویسـتی بەو هاوسـەرگیریە بێـت یان ڕەزامەندی میراتگرانی وەربگیرێت .[1]

بەو پێـیەی کەسـی سـزادراو بە سـزای لە سـێدارەدان پێـوەر کـراوە لەسـەر کەسـی نەخـۆش بە نەخۆشـیی سـەرەمەرگ ( کوشـندە ) ، جـگە لەوانەی بـاس کـرا ابـن تیمـیەی شـێخی ئیسـلام ئەویـش پێـی وایە هاوسـەرگیری ئەو کەسـە نەخۆشـە بەو نەخۆشـی سـەرەمەرگە ڕێـگە پێـدراوە و ئیمـامی شـافعیش خـوا لە هەردوکیـان ڕازی بیـت ئەویـش هەمـان بۆچـونی ابـن تیمـیەی هەیە بەڵام باشـترە مـارەیی ژنەکە لە مـــارەیی هاوشـــێوە زیـــاتر نەبێـــت .[2] وە ســـەبارەت بە ڕاو بۆچـــوونی دادگـــای پێـــداچونەوەی هەرێمـــی کوردســـتان لەســـەر هاوســـەرگیری ســـزادراو بە ســـزای لە ســـێدارەدان ، نـــاوەڕۆکی بڕیـــارەکە لەوەوە دەســـت پێـــدەکات کە پیـــاو و ژنێـــک لە بەڕێـــوبەرایەتی چاکســـازی کە ســـزای لە ســـێدارەدانیان دەرهەق دەرچـــووە داواکاریەکیـان پیشـکەش دادگـای بـاری کەسـێتی کـردووە لە سـلێمانی بـۆ گرێبەسـتی هاوســـەرگیری وە داگـــای ناوبراوســـەرەتا داواکـــاریەکەی ڕەدکـــردونەتەوە بە پاســـاوی ئەوەی هەردووکیـــان ســـزای لە ســـێدارەدانیان هەیە وهەردووکیـــان لە حـــوکمی نەبـــوودان ، بەڵام هەردوو ســـزادراو لە ڕێـــگەی پاریزەرەکەیـــانەوە بە تـانەی بێـدادی ( تظلـم ) تانەیـان داوە لە بڕیـارەکە ، دواتـر دادگـا تێڕوانینـی کـردووە

---

[1] -سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ١٣٧.

[2] -بروانە پێگەی ئەلکترونی بە ناوی ( اسلام ویب – الفتوی ) ، بەرواری سەردانیکردن رۆژی ٢٠٢٦/٥/٢ .

بۆبەراییەکـانی گرێبەنـدی هاوسـەرگیریەکە و وێـنەی تۆمـاری کـارتی نیشـتمانی ژن و پیـاوەکە و گوێبیتسـی ووتەی نـوێنەری یاسـایی بەڕێـوەبەرایەتی چاکسـازی بـووە لە سـلیمانی وەک کەسـی سـێیەم بـۆ ڕوونکـردنەوە و ڕوونکـردنەوەی داوە بەوەی کە ژن و مێـرد دەتـوانن مـانگی دووجـار لە شـوینی دیـاریکراو لە بەڕێـوەبەرایەتی چاکسـازی کـۆببنەوە ، پاشـان دادگـا بـارودۆخی هەردوو سـزا دراوەکەی بە سـزای لە سـێدارەدان (پێـوەر) کـردووە بە نەخۆشـی نەخۆشـیی سـەرەمەرگ ( مـرض المـوت ) و لە کرۆکـی بریـارەکەدا هـاتووە ، کە کـۆمەلەی زانایـان ( جمهـور الفقهـاء ) ڕێگەیـان بەو هاوسـەرگیریە داوە و شـافعیەکانیش ڕێگەیـان بەو هاوسـەرگیریە داوە و بەو پێـیەی هەردووکیـان پیـاو و خـانمەکە لە پەیڕەوانـی مەزهەبـی شـافعین ، دواجـار دادگـای نـاوبراو بە بریـاری ژمـارە (١٠ / سـتەمدادی / ٢٠٢٤ لە ٢٠٢٤/٥/٦ ) ، بریـاری داوە بە هەڵوەشـاندنەوەی بریـاری پێشـوو بـۆ ڕێگریکردنیـان لە ئەنجامـدانی هاوسەرگیری .[1]

دواتـر بەڕێـز داواکـاری گشـتی بەم بڕیـارە ڕازی نەبـووە و تـانەی داوە لە بڕیـاری ئامـاژە پێکـراوی سـەرەوە بە یاداشـتی پێـداچونەوە بە ژمـارە (٨٠٠/٦ لە ٢٠٢٤/٥/٩ ) ، تـانەکە بۆسـەرۆک و ئەنـدامانی دادگـای پێـداچونەوەی هەرێمـی کوردسـتان نوسـراوە لە ڕێـگەی دادگـای بـاری کەسـێتی سـلێمانی یەکەمەوە لە سـلێمانی و نـاوەرۆکی یاداشتەکەیان لە (٥) پێنج خاڵدا کۆکردۆتەوە .[2]

دواتـر کە دۆسـیەکە چـوتە بەردەم ئەنـدامانی دادگـای پێـداچوونەوە دەسـتەی بـاری کەسـێتی بڕیاریـان تیـا دەرکـردووە بە ژمـارە ( ٦٧٩/ دەسـتەی بـاری کەسـێتی / ٢٠٢٤ ) لە ( ٢٠٢٤/٦/١١ ) و کرۆکـی بڕیـارەکە دەڵێـت ( ....تـانەکە لە مـاوەی یاسـایی خۆیـدا پێشـکەش کـراوە بـۆیە لە ڕووی شـێوەوە وەرگیـرا ، دوا سـەرنجدان لە بریـاری پێـداچۆوە دەرکەوت، کە ڕاسـتە و پابەنـدی شـەرع و یاسـایە لەبەر ئەو هۆکـارانەی کە

---

[1] -بروانە بریاری ئاماژە پێکراو لە پاشکۆی ژمارە (١) .

[2] بروانە ناوەرۆکی یاداشتەکە لە پاشکۆی ژمارە (٢) .

دادگــا لە بریــارەکەدا پشــتی پێبەســتون ، بەشــێوەیەک هــیچ ڕێگریەکــی شــەرعی و یاســایی بــوونی نــیە بــۆ گرێــدانی گرێبەســتی هاوســەرگیری لە نێــوان داواکــاران بــۆ گرێبەند کە سزای لە سێدارەدانیان هەبێت ...) .[1]

پاشـان داواکـاری گشـتی بـەم بڕیـارە ڕازی نـەبوو، وتانـەی لێدایـەوە بـە یاداشـتی ژمـارە(١٨٨٥/٦)[2]. دوای گەیشـتنی دۆسـییەکە بـۆ دادگـای پێـداچونەوە دواجـار دادگـای نــاوبراو و خــاوەن بڕیــار، بڕیــاری خــۆی دەرچوانــد بە ژمــارە (٨١ / دەســتەی بــاری کەســـێتی /٢٠٢٤ ڕاســـت کـــردنەوە لە ٢٠٢٤/١١/١٠ ) دا و لە کـــرۆک و نـــاوەرۆکی بڕیــارەکەدا هــاتوە ( ....تــانەکە لە مــاوەی یاســایی خۆیــدا پێشــکەش کــراوە بــۆیە لە ڕووی شــێوەوە وەرگیــرا ، وە دوای ســەرنج دان بــۆئەو بڕیــارەی کە داواکــراوە ڕاســت بکــرێتەوە ڕوون بــۆیەوە کە داواکــاری بــۆ ڕاســت کــردنەوە هــیچ پالپشــتیەکی نــیە لەو پاڵپشـــتیە یاســـاییانەی کە لە دەقـــی مـــادەی ٢١٩ لە یاســـای دادبینـــی شارســـتانی هەمـــوارکراودا هـــاتوون ، وە ئەو بڕیـــارەی کە داواکـــراوە ڕاســـت بکـــرێتەوە کە لەم دەســـتەیە دەرچـــووە بە ژمـــارە ٦٧٩ / دەســـتەی بـــاری کەســـێتی /٢٠٢٤ خـــاڵیە لەوهەڵە یاســـاییانەی کە پێویســـتە ڕاســـت بکـــریتەوە و ئەو نـــاڕەزاییەی داواکـــاری راســـت کـردنەوە باسـی کـردوون کـاتی خـۆی لە ووردبینـی پێـداچونەوەدا خـراونەتە بەر بـاس لەبەرئەوە بریار درا بە ڕەدکردنەوەی داواکاریەکە ...) .[3]
وە لە دادگاکــانی عێــراقیش بەهەمــان شــێوە ڕێگەیــان داوە بە هاوســەرگیری کەســێک کە توشــی نەخۆشــیی ســەرەمەرگ بــووە یــان کوشــندە وەک لە بریــاری ژمــارە ( ٢١٠٧ / شــەرعیە /٧٠ لە ١٩٧٠/٨/٢٢ ) وکرۆکــی بڕیــارەکە دەڵێــت ( ...هاوســەرگیری ئەنجامــدراو لە نەخۆشـــی نەخۆشـــیی ســـەرەمەرگدا زیـــانی نیەبـــۆ دروســـتی گرێبەنـــدی هاوسەرگیریەکە کە مەرجە شەرعیەکانی تری لە خۆ گرتبێت ) .[4]

---

[1] -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆی بڕیارەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٣ )

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆی بڕیارەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٤ )

[3] -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕیارەکە بروانە پاشکۆی ژمارە (٥ ) .

[4] بـروانە القاضـي ابـراهيم المشـاهدي ، المبـادىء القانونيـة فـي قضـاء محكمـة التمييـز فـي قسـم الاحـوال الشخصية ، مطبعة اسد ، سنة الطبع ١٩٨٩ ، ص١٥١.

## تەوەری سێیەم

## جیابونەوەی دادوەری و ئەو دۆخانەی کە تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات.

جیـــــابونەوەی دادوەری بە یەکێــــک لەو هۆکـــــارانە دادەنرێـــــت کە ژیـــــانی هاوســەرگیری کۆتـایی پــێ دێنێـت و ژن و مێــرد هەم لە ڕوانــگەی شــەرعیەوە هەم لە ڕوانــگەی یاســاییەوە دەبــنە دوو کەســی بێگــانە بە یەکتــری ، حەڵاڵــی و پەیوەنــدی نێوانیــان بە تەواوی کۆتـایی پــێ دێنێــت ، و یاســای بــاری کەســی چەنــد هۆکــارێکی هێنــاوە بــۆ جیــابوونەوە کە هەم مــافی ژنە و هەم مــافی پیــاوە واتــا هەردووکیــان بۆیـــان هەیە داوای جیـــابونەوە بـــکەن بە یەکێـــک لەو هۆکـــارانەی کە یاســـادانەر دیــاریکردون وەک ئەوەی لە مــادەی ( چــل ) بە هەر چــوار بــڕگەکەیەوە دیــاریکردووە و مــادەی (چــل و یەکەم و چــل و دووەم ) ، بەڵام بە بیــانوی ئەوەی کە پیــاو تەڵاقــی بە دەســتە و کەی بیهەوێــت دەتوانێــت هاوســەرەکەی تەڵاق بــدات ئنجــا چ بە ئامــادەیی ژنەکەی بێــت یــان بە غیــابی بێــت یــان بە ڕەزامەنــدی بێــت یــان بە بــێ ڕەزامەنــدی ژنەکەی بێــت ئەوا دەتوانێــت تەڵاقــی بــدات ئەمە لە کاتێکــدا بە شــێوەیەکی گشــتی ژن ئەم مــافەی نــیە ، هەر بــۆیە شــەرع و یاســا چەنــدین هۆکاریــان داوە بە (ژن ) بە تەنیــا کە لەبەردەم دادگــای بــاری کەســێتی داوای جیــابوونەوە بکــات لە هاوســەرەکەی وەک ئەو هۆکــارانەی لە مــادەی ( چــل و ســێیەمی ) یاســاکەدا هــاتون کە چەنــد هۆکــارێکی دیــاریکردووە کە ژن بە تەنیــا بــۆی هەیە داوای جیــابونەوە بکــات بە پــێچەوانەوە پیــاو بــۆی نــیە بەو هۆکــارانە داوای جیــابونەوە بکــات ، بــۆ نمــونە ئەگەر پیــاو ژنەکەی بەجێهێشــت بــۆ مــاوەی ســاڵێک و زیــاتر بە بــێ پاســاوی شــەرعی و یاســایی ئەوا لەم دۆخەدا ژن بـــۆی هەیە داوای جیـــابوونەوە بکـــات بە پـــێچەوانەوە ئەگەر ژن بـــۆ ئەو

مـاوەیە پیـاوی جێهێشـت ئەوا پیـاو بـۆی نـیە بەم هۆکـارە داوای جیـابوونەوە بکـات چونکە وەک باسمان کرد پیاو مافی هەیە هاوسەرەکەی تەڵاق بدات .[1]

بـۆیە بـابەتی تەوەرەکەمـان تەرخـان دەکەیـن بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەو دۆخە تایبەتـانەی کە تەنهـا ژن بـۆی هەیە داوای جیـابوونەوە بکـات و بە تـایبەتی تـر بـونی هۆکـاری بەنـدکردنی مێـرد ،[2] یـان دەرچـونی سـزای لە سـێدارەدان بـۆی بـزانین ئەم دوو هۆکـارە هۆکـارن بـۆ جیـابوونەوە ، لەو پێنـاوەدا تەوەرەکە دەکەیـنە دوو بـاس تـا باسـیان لێـوە بکەین بە جیا جیا .

## باسی یەکەم :-جیابونەوەی داوەری و ئەو هۆکارە تایبەتانەی کە تەنها ژن بۆی هەیە داوای جیابونەوە بکات .

جیـابونەوەی دادوەری پێناسـەی زۆری بـۆ کـراوە[3]، یەکێـک لەو پێناسـانە دەڵێـت ( بـریتیە لە تەڵاقـدانی ژن لە پیـاوەکەی لە ڕێـگەی دادگـاوە ( دادوەر) هەرچەنـدە مێـردەکەی ڕازی نەبێـت ) ، وجیـابونەوەی دادوەری بـریتیە لە ( دەسـت وەردانـی دادوەر لەسـەر داوای ژن یـان مێـرد یـان هەردوکیـان بـۆ کۆتـایی هێنـان بە ژیـانی هاوسـەرگیریان لە کـاتی بـوونی هۆکـارێکی شـەرعی کە دینـی ئیسـلام ڕێـگەی دابێـت ئەو هۆکـارە هۆکـار بێـت بـۆ جیـابوونەوە ) ، وجـگە لەوانەش پێناسـەی تـری هەیە کە پێـی وایە بـریتیە لە ( تەڵاقـدانی ژن لە مێـردەکەی لە ڕێـگەی دادگـاوە لە کاتی بوونی هۆکارێکی شەرعی بۆ جیابوونەوە ) .[4]

---

[1] -بڕوانە مادەی (چل و سێیەم /یەکەم /٢ لە یاسای باری کەسێتی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ ز هەموارکراو )

[2] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جیابونەوە بە هۆکاری بەندکردن بروانە علاء الدين خروفة ، شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩، الجزء الثاني ،مطبعة معارف بغداد ، سنة الطبع ١٩٦٣ ص٤١.

[3] بروانە القاضي علي عبدالرزاق محمود ، الادمان سبب التفريق للضرر ، مكان وسنة الطبع ٢٠١٥ ص٢٠.

[4] - دادوەر کەمال رەزا ئەحمەد ، شرۆڤەی یاسای باری کەسیتی عیراقی ،چاپی یەکەم ، شوین و سالی چاپ – سلیمانی ٢٠١٢ لاپەرە ٢٩٠، و بروانە القاضي نايف عثمان رمضان ، التفريق القضائي بسبب الخلاف ، ، الطبعة الاولى سنة ٢٠٢٠ ص٩-١٠ .

دوای ئەوەی زانیمـــان ( جیـــابونەوەی داوەری ) چـــیە لە ڕێـــگەی پێناســـەکەیەوە لە ئێســـتادا ئەو هۆکـــارانە دەخەیـــــنە روو کە ژن بـــــۆی هەیە بە تەنیـــــا داوای جیـــــابوونەوە بکـــــات و ئەو هۆکـــارانەش یاســـادانەر لە مـــادەی ( چـــل و ســـێیەمدا ) باســـی لێـــوەکردون بە هەردوو بـــڕگەکەیەوە ( یەکەم و دووەم ) ، پشـــت بەخـــوا هەمووهۆکارەکـــان بـــاس لێـــوەدەکەین جـــگە لە هۆکـــاری ( بـــڕگەی یەکەم /١ ) و بـــڕگەی کۆتـــایی لە باســـی دووەمداباســـی لێـــوە دەکەیـــن هۆکارەکانیش ئەم هۆکارانەی لای خوارەوەن :-

یەکەم / ئەگەر پیاو ژنەکەی بۆ ماوەی ساڵێک و زیاتر بە بێ پاساوی شەرعی جێهێشت و شوێنی نیشتەجێبونی دیار بوو و ماڵیشی هەبوو دەتوانرا بژێوی ژنی لێ بدرێت

ومەرجەکان بەم هۆکارە بۆ جیابوونەوە کە پێوستە هەبن ئەمانەی لای خوارەوەن :-

**١-ژنەکە گوازرابێتەوە .**

٢-ماوەی ساڵێک یان زیاتر مێرد هاوسەرەکەی جێهێشتبێت کە ئەو ماوەیە لە بەرواری تۆمارکردنی داواوە دەبێت تەواو بوو بێت .

٣-جێهێشتنی ژنەکەی دەبێت بە بێ پاساوی شەرعی و یاسایی بێت بۆ نمونە ئەگەر ژنەکە پیاوەکەی لە ماڵی هاسەرگیری دەرکرد بێت ئەوا مەرجی تیا نیە بۆ جیابوونەوە .[1]

دووەم / نەگواســـتنەوە بـــۆ مـــاڵی هاوســـەرگیری ، زۆرجـــار لە ژیـــانی کـــوردەواری خۆمانـــدا وەك نەریتێـــك گوێمـــان لێبـــووە دەڵـێن پیـــاوەکە دەزگیـــرانەکەی نـــاگوازێتەوە تـــا پرچـــی ســـپی پـــێ نەهـــۆنێتەوە ، بەڵام شـــەرع و یاســـا ئەمەیـــان چارەســـەر کـــردووە ئەویـــش بەوەی ئەگەر مـــاوەی دوو ســـاڵ تێـــپەڕی کـــرد بەســـەر مـــارەکردنی ئـــافرەتەکە و پیـــــاوەکەی ئامـــــادە نەبـــــوو بیگـــــوازێتەوە ئەوا خـــــانم لەم کـــــاتەدا بـــــۆی هەیە داوای جیـــابوونەوە بکـــات بە هۆکـــاری (نەگواســـتنەوە- عـــدم الزفـــاف)، جـــگەلەوەش ئەوەی مێـــردەکەی بە داواکـــاری بـــۆ گواســـتنەوە ئەژمـــار ناکرێـــت، ئەگەر مافەکـــانی خـــانمەکەی نەدابێت .

[1] -بڕوانە دادوەر ، کامران رسول سعید ، من و تۆ و ئەو لە دادگای باری کەسێتی ، سەرچاوەی پێشتر لاپەرە ٢٠٦-٢٠٧ .

بنەمای شەرعی و یاسایی بۆ جیابوونەوە بەم هۆکارە ، لە ماددەی (٤٣/ ٣) دەرفەتی داوە بە خانمی دەزگیران ، کە داوای جیابوونەوە بکات بەم هۆکارە ، ئەگەر دوو ساڵ تێپەڕی کرد بەسەر بەرواری گرێبەندی هاوسەرییەکەیدا.

سێیەم / داوای جیابوونەوە بە هۆکاری نەتوانین بە هەڵسانی ئەرکی هاوسەرگیریی:

ئەم ڕێگـــایەش ڕێگـــایەکە بـــۆ جیـــابوونەوە و تەنهـــا دراوە بە خانمـــان و نەدراوە بە پیـــاوان، ئەمەش دەچێـــتە چوارچێـــوەی ئەو نەخۆشـــییانەی کە تووشـــی مێـــرد دەبـــن گرنـــگ نیـــیە پـــێش گواســـتنەوە، یـــان دوای گواســـتنەوە و دخـــول ڕوو بـــدات، هەرکـــات مێـــرد نەیتـــوانی هەســـتێت بە کـــار و ئەرکـــی هاوســـەرێتی بـــۆ کۆبـــوونەوە لەگەڵ خێزانـــی ئەوا هۆکـــــارەکەی لەم دوو هۆکـــــارە دەرناچێـــــت ، یەکەمیـــــان ئەوەیە کە هۆکـــــاری ئەندامی بێت (عضوی) و دووەمیان (دەروونییە).

جیـــاوازی ســـەرەکی ئەو دوو هۆکـــار ئەوەیە ، ئەگەر بە ڕاپـــۆرتی پزیشـــکی فەرمـــی و تایبەتمەنـــد ســـەلما بەوەی کە پیـــاوەکە ناتوانێـــت بە ئەرکـــی خـــۆی هەســـتێت و هۆکـــارەکەی ئەنـــدامی (عضـــوی) بـــوو، ئەوا ئاراســـتەی دادگـــا بەرەو جیـــابوونەوە دەڕوات، بەڵام لە هۆکـــاری دووەمـــدا ئەگەر ســـەلما دەروونـــی (نفســـی) بـــوو، ئەوا لەم دۆخەدا ئەرکـــی دادگـــایە داواکە دوابخـــات (تاجیـــل) بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێك و ژنەکەش تێبگەیەنێـــت، کە پێویســـتە لە مـــاوەی ئەو ســـاڵەدا ڕێـــگە بـــدەیت بە هاوســـەرەکەت لەگەڵتـــدا کـــۆببێتەوە. ئەم هۆکـــارەش پاڵپشـــت بە مـــاددەی (٤٣/ ٤ لە یاســـای بـــاری کەسی).

چوارەم / داوای جیابوونەوە بە هۆکاری نەزۆکی:

یەکێك لە ئامانجەکانی ژیـانی هاوسـەرگیری بەشـێوەیەکی گشـتی ئەوەیە ، کە مەبەسـت لێی وەچەخستنەوەیە ، بۆئەوەی وەچەی مرۆڤایەتی لەنـاو نەچێـت و بمێنێـت ، یەکێـك لەو مافانەی تر کە دراوە بە ژن و نەدراوە بە پیاو بۆ جیابوونەوە، ئەوەیە ئەگەر مێرد نەزۆك بوو بەشێوەیەك نەیتوانی وەچە بخاتەوە و ژنەکەشی هیچ منداڵێکی لێ نەبوو، ئەوا دەروازەیەك بۆ ژن دروست دەبێت کە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی ، بە هۆکای ئەوەی نەزۆکە و

ناتوانێت وەچە بخاتەوە ، بەپێچەوانەوە ئەگەر ژن نەزۆك بوو و نەیتوانی وەچە بخاتەوە ئەوا مێرد ئەم مافەی نییە کە بەم هۆکارە داوای جیابووەنەوە بکات و ئەم هۆکارەش پشت ڕاست کراوەتەوە بە مادەی (٤٣ / یەکەم / ٥ لەیاسای باری کەسی ) .

پێنجەم / جیابونەوە بە هۆی بونی نەخۆشیەکان لە مێردا .

دوای گرێبەندی هاوسەرگیری و جیابوونەوە ئەگەر دەرکەوت بۆ ژن مێردەکەی توشی نەخۆشیەک بووە بە نەخۆشیەک کە ناتوانرێت لە گەڵیدا کۆببیتەوە ( جماع ) بە بێ زیان وەک نەخۆشی سیل و ژیری لە دەست دان و هەر نەخۆشیەکی تر کە زیان بە ژن بگەیەنێت لە کاتی کۆبونەوە ( جماع ) ئەوا ژن بۆی هەیە بەم داواکاریە جیاببیتەوە لە مێردەکەی و ئەمەش پشت ڕاست کراوەتەوە بە مادەی ( ٤٣ / یەکەم /٦) لە یاسای باری کەسێتی .

شەشەم/ جیابوونەوە بە هۆکاری نەکیشانی بژێوی :[١]

بە پێی شەرع و یاسا بژیوی هەموو کەسێک لەسەرماڵی خۆیەتی تەنها ژن نەێت بژێویەکەی لەسەر ماڵی مێردەکەیەتی ، و ئەگەر مێرد بە بێ هیچ پاساوێکی شەرعی و یاسایی بژیوی خێزانی نەکێشا و (٦٠) ڕۆژیش مۆڵەتی پێدرا کە بژێوی دابین بکات بەڵام دابینی نەکرد لێرەدا بەپێی مادەی (٤٣/ یەکەم /٧ ) ماف دەدات بە ژنەکەی کە لە دادگای باری کەسێتی بەم هۆکارە داوای جیابوونەوە بکات .[٢]

[١] -بروانه د. فاروق عبدالله كريم ، الواضح في شرح قانون الاحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته ، الطبعة الاولى ، سنة الطبع ٢٠٢٠ص ٢٦١-٢٦٥ .

[٢] -ئەم هۆکارە بۆ جیابوونەوە راوبۆچونی جیاوازی لەسەرە لە شەریعەتی ئیسلام بە شێوەیەک کۆمەڵەی یەکەم پێیان وایە ژن بۆی نیە بەم هۆکارە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات و نەدانی بژێویەکەی بەهەر هۆکارێک بێت و لە هەوادارانی ئەم کۆمەلەیە مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفەیە و زاهریەکانن ، و کۆمەلەی دووەم رایان وایە کە ژن بۆی هەیە بەم هۆکارە داوای جیابونەوە بکات و هۆکاری نەکێشانەکەی هەر هۆکارێک بێت لە هەوادارانی ئەم بۆچوونە مەزهەبی ئیمام مالک و حنابلەکانن ، کۆمەڵەی سێەم رایان وایە ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات بەم هۆکارە ئەگەر هۆکارەکەیژاری مێردەکەی بوو یان نەتوانینی بوو بۆ دابینکردنی بژێوی ئەمەش راوبۆچونی شافعیەکانە ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە ، القاضي اسو سردار رشيد ، التفريق للضرر ،مطبعة منارة – اربيل ، سنة الطبع ٢٠١٠ ص ١١٤- ١٢٣.

و هەر لە مادەی (٤٣ / یەکەم / ٨ و٩ ) باسی جیابوونەوە دەکات هەر بە هۆکاری نەکێشانی بژێـوی بـۆیە بە پێویسـتمان زانـی ئەم دوو هۆکـارە کـۆبکەینەوە لەگەڵ ئەم هۆکـارە و دوو دۆخەکەش بـریتین لە نەتـوانین بـۆ کـۆکردنەوەی و بەدەسـت هێنـانی بژێـوی بـۆ ژن لەبەر هۆکاری دیار نەمانی یان خۆشاردنەوەی یان بێسەروشوێن بونی یان بەندکرا بە بەندی سـوک بـۆ مـاوەی زیـاتر لە سـاڵێک ، هۆکـاری دووەم و کۆتـایی ئەوەی کە مێـرد بژێـوی کەڵەکەبـووی کەوتۆتەسـەر و فەرمـانگەی جێبەجێکـردن مـاوەی (٦٠ ) رۆژی پێـدا بۆپێـدانی بژێوی بەڵام نەیدا ئەوا لەم دۆخەشدا ژن مـافی بـۆ دروسـت دەبێـت کە بەم هۆکـارە داوای جیابوونەوە بکات .[1]

حەوتەم / یەکێکی تـر لەو مافـانەی دراوە بە خانمـان بـۆ جیـابوونەوە پـێش گواسـتنەوە جیـابوونەوەیە بە هۆکـاری حەزلێنەبـوون بەوەی بچێـتە نـاو کەژاوەی هاوسـەرگیرییەوە و بچێـتە مـاڵی هاوسـەرگیری ، بە هەر هۆکارێـك حەزی لەو پرۆسـەیە نەبێـت ، گرنـگ نیـیە گرنگ ئەوەیە ئەو حەز ناکات لەگەڵ دەزگیرانەکەی کۆببێتەوە لە ڕووی شەرعی و یاساییەوە و بچێـتە مـاڵی شـەرعی. ئەم مـافەش لە مـاددەی (٤٣/ دووەمـدا لە یاسـای بـاری کەسـی)دا هاتووە و مەرجەکانی جیابوونەوە لەم جۆرە داوایەدا، ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- نابێت خانمەکە گوازرابێتەوە (قبل دخول) ، ئەم مافە دەستەبەرە بۆ جیـابوونەوە ، بەو مەرجەی خانمەکە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە نەگوازرابێتەوە.

٢- پێویسـتەخانمی دەزگیرانـدار هەر بـڕە مـارەییەکی وەرگرتبێـت لە پێشـەکی بۆ دەزگیرانەکەی، بگێڕێتەوە.

٣- هەمـوو ئەم خەرجییـانەی بـۆ بگێـڕێتەوە کە بـۆ ئەو هاوسـەرگیرییە خەرجـی کـردوون کە مەبەسـت لەمە تەنهـا ئەو خەرجییـانە دەگـرێتەوە کە دەزگیـران (پیـاو) خەرجی کردووە بۆ مەراسیمی مارەبڕین ، لە شەکراو و شیرینی خواردنەوە.

---

[1] - عبدالصمد محمد خەیلانی ، رافەی یاسای باری کەسی ، چاپخانەی منارە – هەولیر ، چـاپی یەکەم ، سـالی چاپ ٢٠١١ ، ص١٣٠ -١٣١.

هەر کاتێـــك ئەو مەرجـــانە لە داوای دەزگیـــرانەکەدا (داواکـــار) دا هەبـــوون ، ئەوا دادگـــا بە ئاڕاستەی جیابوونەوە دەڕوات .[1]

**باسی دووەم :- دەرچونی سزای لە سێدارەدان بۆ مێرد وەک هۆکاریک بۆ جیابونەوەی دادوەری .**

لە باسـەکانی پێشـوتر زۆر بە ووردی تیشـکمان خسـتە سـەر پێناسـەی سـزای لە سـێدارەدان و چۆنیەتی جێبەجێکردنـی ، پاشـان سـزای لە سـێدارەدانمان ڕوون کـردەوە لە سـەر ڕۆشـنایی بـوونی دەقەکانی یاسا بۆ لە سێدارەدان و جێبەجێنەکردنی ئەو سزایە لە واقعدا ، ئەگەر بـڕوانینە هەر (٩٤ ) مادەکەی یاسای باری کەسـێتی بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە بە ڕوونـی یـان بە ڕاشـکاوی هـیچ بـڕگەو مادەیەکمان نیە کە باسی سزای لە سێدارەدان بکات وەک هۆکارێک بۆ جیـابوونەوە . بەڵام پێشـینەی دادوەری ئەم بـابەتەی یەکلایـی کـردۆتەوە ئەویـش بەوەی کە سـزای لە سـێدارەدان بە هۆکارێـک دادەنرێت بۆ جیابوونەوە و ئەم هۆکارەش وەک مافێک دراوە بە خانمان ، وە سزای لە سێدارەدان دوو ڕێگەی درووست کردووە بۆ جیابونەوە و ئەو دوو ڕێگایەش یەک یەک باس دەکەین :-

**ڕێگای یەکەم :-**

پێـــوەر (قیـــاس ) کـــراوە لەســـەر مـــادەی (٤٣ /یەکەم /١ لە یاســـای بـــاری کەســـێتی بە شێوەیەک ئەگەر مێرد سزا درا بە سزایەک کە ئازادییەکەی ببەستێتەوە و سزاکەی لە سێ ساڵ زیاتر بێت و ساڵێکیش لە سزاکەی بەسەر بردبێت لەم دۆخەدا ژنی پیـاوە سـزادراوەکە دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات هەرچەندە زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕاو بۆچونیـان جیاوازە لەسەر غائب بونی مێرد وەک هۆکارێک بۆ جیابوونەوە بە شێوەیەک حەنەفیەکان و شافعیەکان و زاهریەکان ئەوان پێیان وایە ژن بۆی نیە بە هۆکاری غائـب بـوونی مێـردەکەی داوای جیابوونەوە بکات لێی ، ئنجا چ ماوەی غائبی مێـردەکەی دوور بێـت و هۆکـاری غائـب بونەکەی هەرچـیەک بێـت و ژنەکە لەم غـائبیەی مێـردەکەی هەر زیـانێکی بەرکەوتبێـت ئەوا مافی نیە داوای جیابوونەوە بکات .

---

[1] -بروانە دادوەر کامران رسول سعید ، سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٢٤٠.

بەڵام مالکیەکــان و حەنابلەکــان بە پــێچەوانەی ئەوانــی تــر پێیــان وایە کە ژن بــۆی هەیە داوای جیــابوونەوە بکــات بە هۆکــاری غائــب بــونی مێــردەکەی ئەگەر غائــب بــونەکەی درێــژی کێشــا و لەم غائــب بــوونەش ژنەکە زەرەرمەنــد بــوو ، مالکیەکــان بە ڕوونــی دەڵــێن ئەگەر مــاوەی غائــب بــونی مێــردەکە ســاڵێک زیــاتر بــوو ئەوا ئنجــا ئەم مــافە درووســت دەبێــت بــۆ جیــابوونەوە ، بەو پێــیەی بەنــدکردنی مێــرد شــێوەیەکە لە شــێوەکانی غائــب بــونی مێــرد لە مــاڵی هاوســەرگیری بەم هۆکــارەش کــۆمەڵەی زانایــان ( جمهــور الفقهــاء ) جــگە لە مالکیەکــان پێــان وایە ژن بــۆی نــیە بە هۆکــاری بەنــدکردنی مێــرد داوای جیــابوونەوە بکــات ، بەڵام مالکیەکــان بە ڕوونــی ڕێگەیــان داوە و پێــان وایە کە ژن بــۆی هەیە داوای جیــابونەوە بکــات بە هۆکــاری بەنــدکردنی مێــردەکەی ئەگەر مــاوەی بەنــدکردنەکەی ســاڵێک و زیــاتر بێــت .[1]بەڵام پێشــینەی داوەری لەســەر ئەوە بۆچونیــان جێگیــر کــردووە ئەگەر پیــاو ســزادرا بە بەنــدکردنی مێــرد بــۆ ســێ ســاڵ و زیــاتر و مــاوەی ســزاکەی لە چاکســازی بەســەر بــردوو لە زینــدان ئــازاد کــرا ئەوا ژنەکە دوای ئــازادبونەکەی مــافی نامێنێــت بــۆ جیــابوونەوە .[2]هەر بــۆیە دادگــای پێــداچونەوەی هەرێمــــی کوردســــتان بە بڕیاریــــان ژمــــارە (٢٨٣ / کەســــێتی /٢٠١٤ لە ٢٠١٤/٦/٢٢ ) ئەم

---

[1] -بۆ زانیاری زیاتر بروانە ( د.وهبە الزحیلی ، الفقە الاسلامی و ادلتـە ، الجـزء التاسـع ، الطبعـة الرابعـة ،سـنة الطبع ١٩٩٧ص ٧٠٦٨ -٧٠٦٩، و د. محمد خضر قادر ، سەرچاوەی پیشوو لاپەرە ٣٠٩ -٣١١.

[2] - ژمارەی بڕیار/ ٨٧٠/ دەستەی باری کەسی/ ٢٠٢٢

بەرواری بڕیار/ ٢٠٢٢/١٠/٢٥

پاش وردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینـی کـرا کە بڕیـاری تانەلێدراو ڕاستە و پابەندی شەرع و یاسایە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە، چونکە پاش ئەوەی سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو سزای سەپێنراوی سەری تەواو کـردووە، لە فەرمـانگەی چاکسـازیی دەرچووە و ئازادکراوە، ئەمەش مەرجەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (١/٤٣) لە یاسای باری کەسی لە داواکەدا نیـیە، لەبەر ئەوە بڕیـاردرا بە پەسـەندکردن (تصـدیق)ی بڕیـاری تانەلێـدراو و ڕەتکـردنەوەی تـانەکە و لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیـارەش بە کـۆی دەنـگ دەرکـرا...... بـۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕیاری دادگای تایبەتمەند و بڕیارەکەی دادگای پێداچونەوە ، بڕوانە ، دادوەر کـامران رسول سعید ، بڕیارەکـانی دادگـای پیـداچونەوە لەسـەر بڕیارەکـانم لە دادگـای بـاری کەسـی ، چـاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠٢٣ لاپەرە٦٨-٦٩.

مـادەیە وەک پێوەرێـک دانـاوە لەسـەر سـزای لە سـێدارەدان کە ژن بـۆی هەیە داوای جیـابونەوە بکـات هەر کـات مێـردەکەی سـزای لە (سـێدارەدان )ی بـۆ دەرچـوو ، و لە کرۆکـی بریـارەکەدا هـاتووە ( ....... سـزای بەنـدکردنی سـێ سـال مـاوەیەکی دیـاری کـراوە لەلایەن یاسـادانەرەوە بـۆ ژن کە داوا تۆماربکـات بـۆ جیـابوونەوەو ئەو مـاوەیەش زۆر نـیە و دوور نـیە و ئەشـێت مـاوەکە تەواو ببێـت و مێـرد بگەڕێـتەوە بـۆ نـاوخزم وکەس و کـاری لەگەل ئەمەشـدا یاسـادانەر مـافی داوە بە ژن بـۆ تۆمـارکردنی داوای جیـابونەوە لەو کـاتەدا کە پیـاو سـزای لە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـووە و هیـواش نیە بۆ گەڕانەوەی بۆ لای خزم و کەس و کار ....).[1]

**ڕێگای دووەم :-**

پێشـینەی دادوەری لە هەریمـی کوردسـتان وای ئەژمـارکردووە سـزای لە سـێدارەدان بـۆ هەر پیاوێـک دەربچێـت ئەوا بە دڵنیـاییەوە هاوسـەرەکەی زیـانی بەردەکەوێـت بەمەش هۆکارێـک دروسـت دەبێـت بـۆ جیـابوونەوەی لە هاوسـەرەکەی ئەگەر ویسـتی لەژێـر ڕۆشـنایی مـادەی (٤٠ / ١لە یاسـای بـاری کەسـێتی ) .[2] ئەمەش پشـت ڕاسـت کـراوەتەوە بە بریـاری دادگـای پێـداچونەوەی هەرێمـی کوردسـتان بە ژمـارە بریـاری ( ١٦٥/دەسـتەی بـاری کەسـێتی /٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٥/٢٠ ) کە کـرۆک و نـاوەڕۆکەکەی دەڵێـت ( .....بریـاری دادگـای بـاری کەسـێتی بـۆ ڕەدکـردنەوەی داوای داواکـار (ژن ) لە مێـردە سـزادراوەکەی بە سـزای لە (سـێدارەدان ) ڕاسـت نـیە و پابەنـدی شـەرع و یاسـا نـیە لەبەرئەوەی دادگـا دادوەریەکەی بنیـات نـاوە بە ڕەد لەسـەر بنەمـای ئەوەی مـادەی (٤٣ / یەکەم /١ لە یاسـای بـاری کەسـێتی هەمـوارکراو ) بەسـەر سـزادراوبە سـزای لە (سێدارەدان ) تـا مـردن پیـادە نابێـت بەلکـو پیـادە دەبێـت

[1] - القاضي جاسم جزا جافر ، المبادىء القضائية لمحكمة تمييز اقليم كوردستان / العراق ، قسم الاحوال الشخصية للفترة ١٩٩٢ – ٢٠١٤ ، ص٤٣-٤٥.

[2] بۆزانینی زەرەر و جۆرەکانی وەک هۆکارێک بۆ جیابوونە بڕوانە ( القاضي اسو سردار رشيد ، التفريق للضرر، سەرچاوەی پێشو .

لەســـەر بەنـــدکردنی بەبەســـتنەوەی ئـــازادی بە ســـێ ســـاڵ و زیـــاتر و ئەم بۆچـــونەش پـــــێچەوانەی یاســــایە ، لەبەر ئەوەی یاســـا بە پێـــــی مــــادەی ئامــــاژەپێکراو وای ئەژمـــارکردووە کە هاوســـــەرەکەی ( خێزانــــی ) زیـــانی بەردەکەوێـــت تەنهـــا بە دەرچـــوونی ســـزای بەنـــدکردن بە زیـــاتر لە ســـێ ســـاڵ بـــۆ (مێـــردەکەی ) و ئەو ســـزایەش بە چەنـــد ســـاڵێک دیـــاری کـــراوە لە کاتێکـــدا ســـزای لە ســـێدارەدان قورســـترە و زیـــاتر زیـــان دەگەیەنیـــت بە ( خێـــزانەکەی – ژنەکەی ) ، بـــۆیە پێویســـتە دادگـــا هەردوو هاوســـەرەکە لەیەکتری جیابکاتەوە ......) .[1]

ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەگەر بەم ڕێگەیە وەربگریـت ئەوا سـزای لە سـێدارەدان چـۆن ماف درووست دەکات بۆ ژن بـۆ ئەوەی داوای جیـابونەوە بکـات لە هاوسـەری سـزادراوی بە سزای لە سێدارەدان ئەوا بە هەمان شێوەش پیاویش مافی هەیە داوای جیابونەوە بکات بـۆ جیابونەوە بە هۆکاری ئەوەی خێزانەکەی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە چونکە چۆن ژن زیانی بەر دەکەوێت بە هەمان شێوەش پیاو زیانی بەردەکەویت لە کاتێکدا ژنەکەی سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوبێت ، چونکە بە پیی مادەی ٤٠ /١ لەیاسای باری کەسـی جیـابونەوە بە هۆکاری زیان گەیاندن هەردوو هاوسەر ژن و پیاو بۆیان هەیە داوای جیابونەوە تۆمار بکەن بەو هۆکارە . هەروەها بابەتێکی تری گرنگ کە پێویستە لێرەدا تیشکی بخـرێتە سـەر ئەوەی ئایا لە کاتی بوونی سزای سزایی ، ئەگەر ژن ویسـتی داوای جیـابونەوە بکـات لەسـەر مێـردە سـزادراوەکەی ، ڕکـابەری لە داوای جیـابونەوەکەدا خـودی مێردەکەیەتـی یـان نـا پێویسـتە لەسەر سەرکارەکەی ( قیم ) داواکە تۆمار بکات ؟؟.[2]

لەم دۆخەدا دوو بڕیاری دادگای پێـداچونەوەی دژیەک بەدی کـرا ، بە شـێوەیەک دادگـای پێداچونەوەی هەریمی کوردستان لە بۆچونێکیدا پێی وایە کە پێویستە داواکە تۆمار بکرێت لەسەرسەرکاری (قیم )ی مێرد کە ئەمەش لە بریاری ژمارە (٦١٠ /دەستەی بـاری کەسـی ٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٨/٢ ) دا هاتوە و دەڵێت ( .....پاش وردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تـانەی پێشـکەش

---

[1] -بریاریکی بلاونەکراوەیە .

[2] -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رکابەر بروانە ( القاضي مدحت المحمود ، شرح قـانون المرافعـات المدنيـة رقـم ٨٣ لسنة ١٩٦٩ و تطبيقاته العملية ، شركة عاتك لطباعة ، الطبعة الرابعة سنة ٢٠١١ ، ص١٢-١٥.

کراو دەکەویتە دەرەوەی ماوەی یاسایی بەوەش بریار درا بە رەدکردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچوکاررسمی پێداچونەوە بەلام تێبینی کرا کە بریاری تانەلیدراو پەیوەندیـــدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بریـــار درا بە بینینـــی و دەرکەوت کە ناڕاســـتەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە چونکە ئەوەی سەلمێنراوە بۆ دادگا داوالەسەرکراو حوکم دراوە لە دۆسیەیەکی سزای بە سزای بەندکردنی هەتا هەتایی ( سجن المؤبد ) بە پیی مـادەی (٤٠٦ ) لە یاسای سـزاکان دەبـوایە دادگـا لە کـاتی ئامـادەکردنی داوالەسـەرکراو پرسـیاری لێبکـات بزانیـت ئایـا سـەرکار (قـیم ) ی هەیە یـان نـا ئەگەر بـۆی دانەنرابێـت دەبێـت دادگـا خـۆی سەرکارێکی کاتی ( قیم المؤقت ) ی بۆ دابنێت بۆ ئامادەبون لەبری داوالەسـەرکراوی حـوکم دراو چونکە ناوبراو ئەهلیەتی نەماوە وتەواوی ڕێکارەکـانی دادگـا بـێ دانـانی ئەو سـەرکارە (قیم ) ، بە پـوچەڵ ( باطـل) دادەنرێـت لەسـەر ئەوە بریـار درا بە هەڵوەشـاندنەوەی بریـاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەسـتی ئەوەی سـەر لە نـوی پێیـدا بڕوات وەک ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ......) .[1]

لە بۆچـونەکەی تریانـدا پێیـان وایە کە بـابەتی داواکە بـابەتیکی کەسـیە و پێویسـت بەوە ناکـات داواکە لەسـەر سـەرکار (قـیم ) سـزادراوەکە تۆمـار بکرێـت ، وەک لە بریاریـان ژمارەی / ٢٩٨/ دەستەی بـاری کەسـی/ ٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٦/٦ ) دا هـاتوە و نـاوەرۆک و کـرۆکەکەی دەڵیت ( .........دوای وردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت هەرچەندە داوالێکراو سـزادراوە بە سـزای لەسـێدارەدان ، ئەوەش نـاکەوێتە ژێـر ڕکێفـی پێـداچوونەوەی لە خـۆوە (تمییـز تلقـائی)، لەبەرئەوەی ئەو حــوکمە داوالێکــراو دوور ناخــاتەوە و بێبەشــی ناکــات بەوەی ڕەفتــارە تایبەتەکانی تایبەت بە یاسای باری کەسی ئەنجام بدات ) .[2]

بە بۆچونی ئیمە ڕای دووەم دروستە چونکە بە پێی مادەی (٩٦ و٩٧ و٩٨ لە یاسای سزادان ) سزادراو بە سزای لە سێدارەدان بێبەش ناکرێت بەوەی ڕەفتارە کەسیەکانی ئەنجام بدات .[3]

---

[1] -بریاریکی بلاونەکراوەیە .

[2] -بروانە دادوەر کامران رسول سعید ، من و تۆ و ئەو لە دادگای بـاری کەسـێتی ، سـەرچاوەی پێشـوو لاپەرە ٢٢٦.

[3] بـۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی شـرۆڤەی ئەو سـێ مـادەیە بـڕوانە ( دادوەرکـامران رسـول سـعید ، شـرۆڤەی ماددەکانی یاسای سزادانی عیراقی بەژمارە (١١١) ی سالی ١٩٦٩ هەموارکراو ، بەرگـی دووەم ، چـاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠٢٠، لاپەرە ٥٩-٦٤.

# کۆتایی

## دەرئەنجام وڕاسپاردەکان

**یەکەم : دەرئەنجام :-**

له میانەی نوسینی  توێژینەوەکەدا ئەوە هەڵهێنجرا کە :

١- سزای له سێدارەدان له چەندین یاسای بەرکار له هەرێمی کوردستان بەرکارە و دادگاکان کاری پێدەکەن و دەرکردنی سزای له سێدارەدان بەردەوامی هەیە ، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٤٠٦ ) کە له ١٩ / کانونی دووەمی /سالی ٢٠٠٤ز دەرچووە ئەم سزایەی هەڵپەستاردووە یان ڕوونتر جێبەجێکردنەکەی له کار خستووە ، هەربۆیە سزای له سێدارەدان دژیەک وەستاوەتەوە لەنێوان دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردندا .

٢- بوونی سزای له سێدارەدان بە هیچ شێوەیەک ڕێگر نیە له ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری هەرچەندە پیاو و ئافرەتەکە هەردوو کیان سزای له سێدارەدانیان دەرهەق دەرچوو بێت و پلەی بنبڕی وەرگرتبێت ، بەڵام مەرجە پیش جێبەجێکردنی سزاکە بێت.

٣- بوونی سزای له سێدارەدان دوو هۆکار درووست دەکات بۆ ئەوەی ژن داوای جیابوونەوە بکات له مێرد سزادراوەکەی ، یەک بە هۆکاری زیانگەیاندن بە پێی مادەی (٤٠ /١ له یاسای باری کەسێتی) بە هۆی ئەوەی ژنەکە له بوونی ئەو سزایە دژی مێردەکەی زیانی واتایی بەرکەوتووە ، دووەم ڕێگە پێوەر کراوە بە هۆکاری بەندکردن  بۆ جیابوونەوە بە پێی مادە (چلو سێیەم /یەکەم /١ له یاسای باری کەسێتی ) .

## دووەم : ڕاسپاردەکان :-

١- لە کـاتی دەسـت بەکـاربوونی پەرلەمـانی کوردسـتان پێشـنیار دەکەیـن، کە پەرلەمـان و ئەنجـومەنی وەزیـران هەمـاهەنگی بـکەن و لێکـۆڵینەوەی وورد بـکەن بەوەی بڕیـاری (٤٠٦) ئەنجـومەنی وەزیـران هەڵبوەشـێننەوە یـا لە کـاری بـخەن تـا جێبەجێکردنـی سـزای لە سـێدارەدان جـارێکی تـر ڕۆحـی بەبەردا بکـرێتەوە و بەردەوام بێـت ، ئەمە لە لایەک لە لایەکـی تـرەوە دوای لیکۆڵینەوەکـان ئەگەر ئەوە بە بـاش نەزانـرا و باشـتر بـوو سـزای لە سـێدارەدان بە جێبەجێنەکردنـی بەردەوام بێـت ، ئەوا پێشـنیار دەکەیـن هەمـوو ئەو یاسـایانەی سـزایی لە سـێدارەدانیان تیـا جێگیـر کـراوە هەمـوار بکـرێنەوە و سـزای لە سـێدارەدان بگۆردرێـت بە سـزای زینـدانی هەمیشـەیی یـان کـاتی بە پێـی مەترسی تاوانەکە .

٢- پێشـنیار دەکەیـن کە پەرلەمـانی کوردسـتان مـادەی چـل و سـێیەم /یەکەم /١ لە یاسـای بـاری کەسـێتی بە ژمـارە ١٨٨ی سـالی ١٩٥٩ زهەمـوارکراو ، هەمـوار بکـاتەوەوە بە زیـادکردنی سـزای لە سـێدارەدان و بەم شـێوەیەی لێبێـت ( ئەگەر مێـرد سـزادرا بە سـزای بەسـتنەوەی ئـازادی بـۆ مـاوەی سێ سـال و زیـاتر یـان سـزای لە سـێدارەدان و مـاوەی یەک سـال زیـاتر بەسـەر جێبەجێکرنـی سـزاکەدا لە زینـدان بەسـەر بـرد هەرچەنـدە پیـاوەکە مـالّی هەبـوو بـۆ ئەوەی بژێـوی ژنەکەی بدات ) .

٣- مـاددەی (حەوتەم )بـڕگەی (٢) لە کۆتاییـدا ئەم ڕسـتەیەی بـۆ زیـاد بکرێـت (هەروەهـا هاوسـەرگیری ئەنجـام بـدات بـۆ ئەو پیـاوەی یـان ئەو خـانمەی یـان هەردووکیان کە سزای لە سیدارەدانیان هەیە بە پیی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ).

# سەرچاوەکان

**١-کتیبە یاساییەکان .**

**أ-یاساکان :**

١. یاسای باری کەسی بە ژمارە ١٨٨ی سالی ١٩٥٩ ز هەموارکراو.

٢. یاسای سزادانی عیراقی بە ژمارە١١١ی سالی ١٩٦٩ زهەموارکراو.

٣. یاسای بنەمادادگەرییە سزاییەکان بە ژمارە ٢٣ی سالی ١٩٧١ ز هەموارکراو.

٤. یاسای دادبینی شارستانی بە ژمارە ٨٣ ی سالی ١٩٦٩ ز هەموارکراو .

**ب-کتێبە یاساییەکان بە زمانی کوردی :-**

١-دادوەر کامران رسول سعید ، من و دادگا ،چاپی دووەم ، سالی چاپ ٢٠٢٦.

٢-دادوەر کامران رسول سعید ، چۆنیەتی دەرچوواندنی بەلگەنامە شەرعیەکان لە دادگای باری کەسێتی ،چاپخانەی زانا – سلیمانی ،چاپی دووەم، سالی چاپ ٢٠١٨ .

٣-دادوەر کامران رسول سعید ، بریارەکانی دادگای پیداچونەوە لەسەر بریارەکانم لە دادگای باری کەسی ، چاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠٢٣.

٤-دادوەر کامران رسول سعید ، من و تۆ و ئەو لە دادگای باری کەسێتی ، چاپخانەی کارو – سلیمانی ، چاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠٢٤ .

٥-دادوەرکامران رسول سعید ، شرۆفەی ماددەکانی یاسای سزادانی عیراقی بەژمارە (١١١) ی سالی ١٩٦٩ هەموارکراو ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠٢٠.

٦-کارمەنــد محمــود عبــدالله ، ســزای لە ســیدارەدان لە هەرێمــی کوردســتان لە نیــوان جیبەجیکردن و راگرتندا ،شوین و سالی چاپ سلیمانی ٢٠٢٣ .

٧-دادوەر کەمال رەزا ئەحمەد ، شرۆفەی یاسای باری کەسیتی عیراقی ،چاپی یەکەم ، شوین و سالی چاپ – سلیمانی ٢٠١٢.

٨- د . محمد احمد شحاته ، سێدارەدان لە نێوان شەریعەت و یاسا و دادگەرییەکانی دادوەری ، وەرگێرانی راویژکاری یاسایی ، عزالدین عبدالله یاسین ، چاپی یەکەم ، سالی ٢٠٢٣ .

٩-عبدالصمد محمد خەیلانی ، رافەی یاسای باری کەسی ، چاپخانەی منارە – هەولیر ، چاپی یەکەم ، سالی چاپ ٢٠١١.

**ج-کتێبە یاساییەکان بە زمانی عەرەبی**

١-القاضي ابراهيم المشاهدي ، المبادىء القانونية في قضاء محكمة التمييز في قسم الاحوال الشخصية ، مطبعة اسد ، سنة الطبع ١٩٨٩.

٢-القاضي اسو سردار رشيد ، التفريق للضرر ،مطبعة منارة – اربيل ، سنة الطبع ٢٠١٠ .

٣- د.احمد عبيد الكبيسي ، الاحوال الشخصية في الفقه ة القضاء و القانون ، الجزء الاول ،شركة عاتك سنة الطبع ٢٠٠٩ .

٤- د. براء منذر كمال عبدالطيف ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، الطبعة الثانية ٢٠١٠

٥-بهجت قاسم صالحه ، عقوبة الاعدام في القانون الدولي لحقوق الانسان ، الطبعة الاولي ٢٠٢٣ .

٦-القاضي جاسم جزا جافر ، المبادىء القضائية لمحكمة تمييز اقليم كوردستان / العراق ، قسم الاحوال الشخصية للفترة ١٩٩٢ – ٢٠١٤.

٧- د. جميل فخري محمد جانم ، مقدمات عقد الزواج الخطبة في الفقه و القانون ، الطبعة الاولى ٢٠٠٩.

٨-القاضي جمال محمد مصطفى ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، سنة الطبع ٢٠٠٥ .

٩-سعيد حسب الله عبدالله ، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية ، مطبعة ابن الاثير ، سنة الطبع ٢٠٠٥ .

١٠-علاء الدين خروفة ، شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩، الجزء الثاني ،مطبعة معارف بغداد ، سنة الطبع ١٩٦٣ .

١١-القاضي علي عبدالرزاق محمود ، الادمان سبب التفريق للضرر ، مكان وسنة الطبع ٢٠١٥ .

١٢-علي محمد ابراهيم الكرباسي ، شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ المعدل ، دار الحرية للطباعة بلا سنة الطبع .

١٣-عمر جمعة محمود ، فسخ عقد النكاح بين الشريعة الاسلامية و القانون دراسة مقارنة ، بلا مكان و سنة الطبع .

١٤-القاضي عبدالحسين صباح صيوان الحسون ، احكام الخطبة و الزواج في الشريعة الاسلامية و القانون دراسة مقارنة – معززة بقرارات القضاء العراقي .سنة الطبع .٢٠٢٢

١٥-فريد فتيان ، شرح قانون الاحوال الشخصية مع تعديلات القانون ، الطبعة الثانية ، سنة الطبع ١٩٨٦ .

١٦- د. فاروق عبدالله كريم ، الواضح في شرح قانون الاحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ و تعديلاته ، الطبعة الاولى ، سنة الطبع .٢٠٢٠

١٧-القاضي نايف عثمان رمضان ، التفريق القضائي بسبب الخلاف ، ، الطبعة الاولى سنة ٢٠٢٠.

١٨- د. محمد خضر قادر ، دور الارادة في احكام الزواج و الطلاق و الوصية ، دراسة فقهية مقارنة ، سنة الطبع ٢٠١٠ .

١٩-القاضي مدحت المحمود ، شرح قانون المرافعات المدنية رقم ٨٣ لسنة ١٩٦٩ و تطبيقاته العملية ، شركة عاتك لطباعة ، الطبعة الرابعة سنة ٢٠١١.

**د-كتێبە شەرعیەکان بە زمانی عەرەبی :**

١-د.وهبه الزحيلى ، الفقه الاسلامى و ادلته ، الجزء التاسع ، الطبعة الرابعة ،سنة الطبع .١٩٩٧

٢-ابو مالك كمال بن السيد سالم ، صحيح فقه السنة و ادلته و توضيح مذاهب الائمة ، المجلد الثالث ، سنة الطبع ٢٠١٠.

**هـ - تویژینەوە :**

١-عضو الادعاء العام بهجت حسن صالح ، دور الادعاء العام في الجرائم المعاقب عليها بالاعدام ، بحث قدم الى مجلس القضاء في اقليم كوردستان ،كجزء من كتطلبات الترقية من صنف الثالث الى الصنف الثاني من اصناف الادعاء العام.

٢- د. محمد محمود ابو ليل ، زواج وطلاق المحكوم عليه بالاعدام فى الفقه الاسلامى وقانون الاحوال الشخصية الاردنى ، بحث تم نشره فى مجله الجامعه الاسلامية للدراسات الشرعية و القانونية ، والمنشور فى الموقع الاكترونى ( Islamic university of gaza)

٣- القاضي عبدالقادر ابراهيم علي ، محاضرات في شرح قانون الاحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩ ، محاضرات مطبوعة و غير منشورة .

**ز- پێگەی ئەلکترونی :**

-اسلام ويب – الفتوى ، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٦/٥/٣ .

-چەند بریاریکی دادگای پیداچونەوەی هەریمی کوردستان کە بلاونەکراونەتەوە :-

* ژمارەی بڕیار ١٦٥/ دەستەی باری کەسێتی / ٢٠٢١ بەرواری بڕیار ٢٠٢١/٥/٣٠.

*ژمارەی بریار ٦٧٩ / دەستەی باری کەسێتی /٢٠٢٤ بەرواری بڕیار ٢٠٢٤/٦/١١ .

* ژمارەی بڕیار ٨١ / دەستەی باری کەسێتی / ٢٠٢٤ راست کردنەوە بەرواری بڕیار ٢٠٢٤/١١/١٠

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە(١)

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی
دادگای باری کەسێتی
ژمارەی داوا : ١٠ / ستەمداری / ش/٢٠٢٤
بەروار: ٠٦ / ٠٥ /٢٠٢٤

اقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة
محكمة الاحوال الشخصية في
رقم الدعوى: ١٠ /ش. تظلم/٢٠٢٤
التاريخ : ٠٦ / ٠٥ /٢٠٢٤

Judicial Council

---

تشكلت محكمة الاحوال الشخصية في ال بتاريخ ٠٦ / ٠٥ / ٢٠٢٤ بقاضيها السيد ، المأذون بالقضاء باسم الشعب واصدرت قرارها الاتي :-

المتظلمان : ١- و ٢- وكيلهما المحامية

**المتظلم منه: القرار الصادر من محكمة الاحوال في بتاريخ ٢٠٢٤/٤/١٦ برفض طلب ابرام عقد الزواج للمتظلمين.**

**القرار / ٠٤**

للتظلم الواقع من قبل وكيلة المتظلمان بتاريخ ٢٠٢٤/٠٤/٢١ و تكرارها لعريضة التظلم من ان السيد قاضي محكمة الاحوال الشخصية في رفض ابرام عقد الزواج بين طالبي العقد المتظلمان كل من و المحكومان بالاعدام بحجة ان طالبي عقد الزواج هما محكومان بالاعدام و هما في حكم المعدوم وليس لهما مصلحة في ذلك . ولاحظت المحكمة عدم تبلغ وكيل المتظلم بقرار رد الطلب في يوم صدوره في ٢٠٢٤/٤/١٦ وبما ان اليومين الاخيرين للطعن هما نهاية الاسبوع لذا قررت المحكمة قبول التظلم شكلا . ولجريان المرافعة الحضورية العلنية بغياب ممثل الادعاء العام اذ تعذر حضورهم بسبب قلة اعضاء الادعاء العام في محافظة حسب ماجاء في كتابهم المرقم ٧٥٧ في ٢٠٢٤/٥/٢ . ولاطلاع المحكمة على اوليات طلب ابرام عقد الزواج وتبين ان المحكمة ارسلت طالبي العقد الى الفحص الطبي وتبين عدم وجود مانع صحي يمنع اجراء الزواج كما اطلعت المحكمة على صورة قيد الالكترونية للخاطب والمخطوبة وتبين ان حالتهما ارمل و ارملة . ولادخال الممثلة القانونية لمديرية الاصلاح في واكدت للمحكمة ان بإمكان الزوجان في حالة ابرام العقد لهما التلاقي مرتين في الشهر في مكان مخصص لذلك في مديرية الاصلاح الاجتماعي . و حيث ان المحكوم بالاعدام مثله مثل المريض مرض الموت في الزواج . ذهب الجمهور إلى صحته وخالف المالكية في ذلك فمنعوه، لما فيه من إدخال وارث، وحيث ان الخاطبان يتبعان المذهب الشافعي و عند الشافعية يجوز نكاح المريض فإذا تزوج امرأة صح نكاحها ولها الميراث والصداق إن لم يزد على صداق مثلها، فإن زاد ردت الزيادة إن كانت وارثة، وأمضيت إن كانت غير وارثة. عليه ومن الناحية الشرعية لا يوجد مانع شرعي لابرام عقد الزواج بين طالبي العقد المحكومين بالاعدام كل من و لذا قررت المحكمة الغاء قرارها المتخذ في ٢٠٢٤/٤/١٦ برفض طلب ابرام العقد واشعار قلم المحكمة لاكمال اجراءات ابرام عقد الزواج حسب احكام المواد من ٣ الى ١٠ من قانون الاحوال الشخصية على ان لايزيد المهر عن مهر مثلها. وصدر القرار حضوريا قابلا للتمييز وصدر القرار استنادا الى احكام المواد ١٥٣ و٢١٦ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأفهم علنا في ( ٢٠٢٤/٠٥/٠٦) .

القاضي

# پاشکۆی ژماره(٢)

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان – عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی داد<br>سەرۆکایەتی داواکاری گشتی<br>فەرمانگەی داواکاری گشتی لە<br>لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Justice/ Presidency of the public prosecutors | اقليم كوردستان – العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>رئاسة الأدعاء العام<br>دائرة الإدعاء العام في<br>لجنة اقامة الدعاوى بالحق العام |

ژمارە:٦/٨٠٠      ڕێکەوت : ٢٠٢٤/٥/٩

---

**السادة القضاة / رئيس وأعضاء محكمة تمييز إقليم كوردستان- العراق المحترمون**

**بواسطة محكمة الأحوال الشخصية الأولى في المحترمة**

<u>المميز/</u> المدعي العام ( ) مسؤول دائرة الإدعاء العام في .

<u>المميز عليه/</u> قرار محكمة الأحوال الشخصية في المرقم (١٠/ش.تظلم/٢٠٢٤) والمؤرخ ٢٠٢٤/٥/٦.

<u>جهة التمييز :</u>

أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في . في . قرارها المرقم (١٠/ش.تظلم/٢٠٢٤) في ٢٠٢٤/٥/٦ يقضي بإلغاء قرار محكمة الأحوال الشخصية في المتخذ في ٢٠٢٤/٤/١٦ والمتضمن رفض طلب إبرام عقد الزواج للمتظلمين كل من ( د) و ( ،) لكونهما محكومان بالإعدام وانهما في حكم المعدوم، وليست هناك مصلحة في زواجهما، وإشعار قلم المحكمة لإكمال إجراءات ابرام العقد حسب القانون ، على أن لايزيد المهر على مهر المثل، قراراً قابلاً للتمييز، مستندة في قرارها الى أن حكم زواج المحكوم عليه بالإعدام حكمه حكم المريض مرض الموت الذي لايوجد مانع شرعي لابرام عقد الزواج.

**ونرى ان القرار مخالف للشرع والقانون وذلك للأسباب التالية:-**

١- ان قياس حكم زواج المحكوم عليه بالإعدام مع حكم زواج المريض مرض الموت قياس غير صحيح ، لأن جمهور الفقهاء عندما أجازوا بزواج المريض مرض الموت إنما اجازوه عندما يكون أحد الزوجين مريضاً وغالباً مايكون المريض هو الزوج وليس الاثنين معاً، وهذا مختلف تماماً مع كون طالبي الزواج هما الاثنان محكومان بالاعدام، أي أنهما مريضان مرض الموت (حتى وان صح القياس) فهذا قياس مع فارق.

٢-ليست هناك مصلحة مشروعة مباشرة في ابرام عقد الزواج، وان العقد لايحقق المقاصد الشرعية من الاستقرار والديمومة والسكن و الطمأنينة.



suleimanya / Phone:
٠٥٣٣١٨٤١٢٩
ddawakar e@yahoo.com
هەرێمی کوردستان
تەلەفۆن: ٠٥٣٣١٨٤١٢٩

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان – عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی داد<br>سەرۆکایەتی داواکاری گشتی<br>فەرمانگەی داواکاری گشتی لە<br>لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Justice/ Presidency of the public prosecutors | اقليم كوردستان – العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>رئاسة الأدعاء العام<br>دائرة الإدعاء العام في<br>لجنة اقامة الدعاوى بالحق العام |

ژمارە:٦/٨٠٠ رێكەوت : ٢٠٢٤/٥/٩

٣- اذا كانت الغاية من عقد الزواج هي انشاء رابطة للحياة المشتركة والنسل، فإن التلاقي بين الزوجين مرتين في شهر ولمدة معينة وفي مكان محدد-حسب نظام المؤسسة الاجتماعية لدائرة اصلاح الكبار-لايصلح لتحقيق هذا الغاية، انما الغرض منه هي قضاء الشهوة الجنسية فقط.

٤-قاست محكمة الأحوال الشخصية قرارها على قياس رأي جمهور الفقهاء وليس على راي الإجماع، وحيث أن الثابت هو ان يكون الحكم الاصلي ثابتاً بالنص أو الاجماع فلا يجوز القياس على ما ثبت حكمه بغير هذين المصدرين.

٥-ان النظر في طلب التظلم يكون من اختصاص المحكمة التي أصدرت الأمر وهي محكمة الأحوال الشخصية وليست محكمة الأحوال الشخصية ، وهذا مخالف لنص المادة (٢١٦ من قانون المرفعات المدنية رقم ٨٣ لسنة ١٩٦٩ المعدل).

**عليه ولما تقدم من الاسباب أو لأسباب اخرى تراها محكمتكم المحترمة نطلب نقض القرار المذكور مع فائق التقدير.**

المدعي العام

مسؤول دائرة الإدعاء العام في

<u>نسخة منه الى:</u>

- محكمة الأحوال الشخصية الأولى في ق، للعلم والتقدير.
- محكمة الأحوال الشخصية الثامنة في ا ، للعلم والتقدير.
- اضبارة الصادرة.

دلشاد-٣٠٠

٢-٢

suleimanya / Phone
٠٥٣٣١٨٤١٢٩
ddawakar e@yahoo.com
هەرێمی کوردستان - شەقامی پشت دادگای سلێمانی
تەلەفۆن: ٠٥٣٣١٨٤١٢٩

پاشکۆی ژماره(٣)

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان / عێراق<br>ئەنجومەنـــی دادوەری<br>- سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان -<br>- دەستەی باری کەسی - | Council of the Judiciary | إقليم كوردستان / العراق<br>مـجـلـس القـضـاء<br>- رئاسة محكمة تمييز اقليم كوردستان -<br>- هيئة الأحوال الشخصية- |

العدد / ٦٧٩ / هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٤ رقم الأضبارة/ ١٠ / ش - تظلم/٢٠٢٤ التاريخ / ١١/ ٦/ ٢٠٢٤

تشكلت هيئة الأحوال الشخصية في لمحكمة تمييز أقليم كوردستان العراق بتأريخ ١١/ ٦ / ٢٠٢٤م برئاسة القاضي السيد ( ) و عـــضوية القاضيين السيدين ( خليل تايه) المأذونين بالقضاء بأسم الشعب وأصدرت القرار الأتي :.

**المميز/ المدعي العام ( ) مسؤول دائرة الادعاء العام في**

**المميز عليه/ قرار محكمة الأحوال الشخصية في .**

للتظلم الواقع من قبل وكيلة المتظلمان و تكرارها لعريضة التظلم من أن السيد قاضي محكمة الأحوال الشخصية في ( ) رفض أبرام عقد الزواج بين طالبي العقد المتظلمان كل من ( ) المحكومان بالأعدام بحجة أن طالب عقد الزواج هما محكومان بالأعدام و هما في حكم المعدوم و ليس لهما مصلحة في ذلك . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في قرارها بالعدد١٠/ ش – تظلم/٢٠٢٤ و بتأريخ ٢٠٢٤/٥/٦ قراراً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بـإلغاء قرارها المتخذ في ٢٠٢٤/٤/١٦ برفض طلب أبرام العقد و اشعار قلم المحكمة لأكمال أجراءات أبرام عقد الزواج حسب أحكام المواد ٣ الى ١٠ من قانون الأحوال الشخصية علي أن لايزيد المهر من مهر مثلها . و لعدم قناعة المميز (المدعي العام) بالقرار المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المؤرخة في ٢٠٢٤/٥/١٣ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

**القرار/**

لدى التدقيق والمداولة وجد بأن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المميز تبين بأنه صحيح وموافق لأحكام الشرع و القانون لأسبابه الصحيحة و الحيثيات المعتمدة فيه حيث أنه لايوجد أي مانع شرعي أو قانوني لأبرام عقد الزواج بين طالبي العقد المحكومين بالأعدام لذا تقرر تصديق القرار المميز و رد الأعتراضات التمييزية . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٤/٦/١١ .

مجلس القضاء

دەستەی باری کەسی

رئاسة

**الرئيس**

- ١ -

هەرێمی کوردستان – هەولێر – شەقامی ٦٠ مەتری ........ www.krjc.iq E-Mail : ........ info@krjc.iq

## پاشکۆی ژماره(٤)

| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی داد<br>سەرۆکایەتی داواکاری گشتی<br>فەرمانگەی داواکاری گشتی لە<br>لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministers<br>Ministry of Justice/ Presidency of the public prosecutors | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>رئاسة الأدعاء العام<br>دائرة الإدعاء العام في<br>لجنة اقامة الدعاوى بالحق العام |
|---|---|---|

ژمارە:٦/ ١٨٨٥ ڕێکەوت : ٢٠٢٤/٩/١٩

**السادة القضاة / رئيس وأعضاء الهيئه العامة في محكمة تمييز اقليم كوردستان- العراق المحترمون**

**بواسطة محكمة الأحوال الشخصية في المحترمة**

طالب تصحيح القرار التمييزي : المدعي العام ( ) مسؤول دائرة الإدعاء العام في .

المطلوب تصحيحه: قرار هيئة الأحوال الشخصية لمحكمة تمييز اقليم كوردستان العراق رقم (٦٧٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤) في ٢٠٢٤/٦/١١.

جهة التصحيح:

أصدرت هيئة الأحوال الشخصية لمحكمة تمييز اقليم كوردستان العراق قرارها المرقم (٦٧٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤) في ٢٠٢٤/٦/١١ يقضي بتصديق قرار محكمة الأحوال الشخصية في المتضمن عدم وجود أي مانع شرعي أو قانوني لابرام عقد الزاوج بين طالبي العقد المحكومين بالإعدام كل من ( و ).

ونرى ان القرار مخالف للشرع والقانون وذلك للأسباب التالية:-

١-أصدرت محكمة الأحوال الشخصية الأولى في قرارها على مصدر (القياس) الذي هو الحاق امر غير منصوص على حكمه الشرعي بامر منصوص على حكمه لإشتراكهما في علة الحكم , وحيث أن الثابت من القواعد الشرعيه الاصوليه هو ان يكون الحكم الاصلي ثابتاً بالنص أو الاجماع فلا يجوز القياس على ماثبت حكمه بغير هذين المصدرين، كما لا يجوز القياس على مسألة فيه خلاف كمريض مرض الموت لعدم وجود (الإجماع) فيه, وأن جمهور الفقهاء عندما أجازوا بزواج المريض مرض الموت إنما اجازوه عندما يكون أحد الزوجين مريضاً وغالباً مايكون المريض هو الزوج وليس الاثنين معاً، وهذا مختلف تماماً مع كون طالبي الزواج هما الاثنان محكومان بالاعدام، أي أنهما مريضان مرض الموت (حتى وان صح القياس) فهذا قياس مع فارق.

المدعي العام

مسؤول دائرة الإدعاء العام في

(١-٢)

suleimanya / Phone:
٠٥٣٣١٨٤١٢٩
ddawakare@ yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٥٣٣١٨٤١٢٩

ژمارە:٦/ ١٨٨٥

ڕێکەوت : ٢٠٢٤/٩/١٩

٢-ليست هناك مصلحة مشروعة مباشرة في ابرام عقد الزواج، وان العقد لايحقق المقاصد الشرعية من الاستقرار والديمومة والسكن و الطمأنينة, حيث انه ومن الناحية الشرعية فان الامور بعواقبها وتؤدي هذا الزاوج الى تكوين اسرة خالية من مقوماتها.

٣- اذا كانت الغاية من عقد الزواج هي انشاء رابطة للحياة المشتركة والنسل، فان التلاقي بين الزوجين مرتين في شهر واحد ولمدة معينة وفي مكان محدد-حسب نظام المؤسسة الاجتماعية لدائرة اصلاح الكبار- لايصلح لتحقيق هذه الغاية، انما الغرض منه هي قضاء الشهوة الجنسية فقط.

٤- أن النظر في طلب التظلم يكون من اختصاص المحكمة التي أصدرت الأمر وهي محكمة الأحوال الشخصية وليست محكمة الأحوال الشخصية ، وهذا مخالف لنص المادة (٢١٦ من قانون المرفعات المدنية رقم ٨٣ لسنة ١٩٦٩ المعدل).

٥- بموجب المادة (٩٨) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل فان الحكم الصادر بعقوبة الاعدام يستتبعه بحكم القانون من يوم صدوره الى وقت تنفيذه بطلان كل عمل من اعمال التصرف او الادارة يصدر من المحكوم عليه من خلال الفترة المذكورة عدا الوصية والوقف وأن عقد الزواج يرتب مجموعة من التزامات مالية على عاتق طالب عقد الزواج المحكوم عليه بالاعدام منها المهر المسمى والنفقة ، الا يعتبر هذين الالتزامين من ضمن اعمال التصرفات المالية؟ وماذا لو اثمر هذا الزواج بأولاد فمن اين يستطيع الزوج الذي هو مقيد لا حول له ولا قوة تحصيل نفقة اولاده ؟ و كيف ومن اين تستطيع الزوجة استحصال نفقة اولادها التي هي الاخرى مقيدة ايضاً لاحول لها ولا قوة .

٦-أن عقد الزواج مخالف لنص الاية(٢١)من سورة الروم التي جاء فيها(ومن آياته ان خلق لكم من انفسكم ازواجاً لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودةً و رحمة ان في ذلك لآيات لقوم يتفكرون)حيث خلق الله تعالى الازواج لأطمئنان النفوس و السكنى و بث المحبة والشفقة بين الزوجين ، فهل يمكن تحقيق اقل قدر ممكن من هذه الغايات في مثل هذا الزواج؟.

٧-ان مثل هذا القرار ينتج عنه عواقب وخيمة اذ يجعل منه سابقة قضائية لطلبات مماثلة كما انه يسن من خلاله سنة سيئة للمحكومين الاخرين بالاعدام .

عليه ولما تقدم من الاسباب أو لأسباب اخرى تراها محكمتكم المحترمة ولتعلق الامر بالحل و الحرمة نطلب نقض القرار المذكور مع فائق التقدير.

المدعي العام

مسؤول دائرة الإدعاء العام في

نسخة منه الى:

- محكمة الأحوال الشخصية الأولى في للعلم والتقدير
- محكمة الأحوال الشخصية الثامنة في للعلم والتقدير
- اضبارة الصادرة.

٢-٢

# پاشکۆی ژمارە(٥)



العدد / ٨١/ هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٤ التصحيح رقم الأضبارة/١٠/ ش – التظلم/٢٠٢٤ التاريخ / ١٠/ ١١ / ٢٠٢٤

تشكلت هيئة الأحوال الشخصية في محكمة تمييز أقليم كوردستان العراق بتأريخ ١٠/ ١١ / ٢٠٢٤م برئاسة القاضي السيد ( [illegible] ) وعضوية القاضيين السيدين ( [illegible] ) المأذونين بالقضاء بأسم الشعب وأصدرت القرار الآتي :.

**طالب التصحيح – المميز/ المدعي العام ( [illegible] ) مسؤول دائرة الادعاء العام في [illegible]**
**المطلوب تصحيح ضده/ قرار محكمة تميز أقليم كوردستان المرقم ٦٧٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤**

للتظلم الواقع من قبل وكيلة المتظلمان و تكرارها لعريضة التظلم من أن السيد قاضي محكمة الأحوال الشخصية في ( [illegible] ) رفض أبرام عقد الزواج بين طالبي العقد المتظلمان كل من ( [illegible] ) المحكومان بالأعدام بحجة أن طالب عقد الزواج هما محكومان بالأعدام و هما في حكم المعدوم و ليس لهما مصلحة في ذلك . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في السليمانية قرارها بالعدد١٠/ ش – تظلم/٢٠٢٤ و بتأريخ ٢٠٢٤/٥/٦ قراراً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بإلغاء قرارها المتخذ في ٢٠٢٤/٤/١٦ برفض طلب أبرام العقد و اشعار قلم المحكمة لأكمال أجراءات أبرام عقد الزواج حسب أحكام المواد ٣ الى ١٠ من قانون الأحوال الشخصية على أن لايزيد المهر من مهر مثلها . و لعدم قناعة المميز (المدعي العام) بالقرار المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المؤرخة في ٢٠٢٤/٥/١٣ . و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق القرار المذكور بموجب القرار التمييزي بالعدد ٦٧٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ بتأريخ ٢٠٢٤/٦/١١. و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه طالباً نقضه بموجب العريضة التصحيحية المؤرخة ٢٠٢٤/٩/٢٦ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

**القرار/**

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحة تبين بأن طلب التصحيح لا يستند لأي من الاسباب القانونية الواردة ذكرها في نص احكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد ٦٧٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها وان اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رد الطلب وقيد التأمينات إيرادا لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٤/١١/١٠ .

**الرئيس**

- ١ -